# پێکهاتەی کارگێڕیی پۆستی قایمقامیەت
# لە قەزای کۆیسنجاق لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم
# تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی

**زانا تەیفور عەبدولسەمەد[١]، جەمال فتحوڵلا تەیب[٢]**
[١,٢] بەشی مێژوو،فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، شاری کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: zana.taifor@koyauniversity.org

**پوختەی توێژینەوە:**

کۆیسنجاق شارێکی دێرینی کوردستانە، ئەگەرلاپەڕەکانی مێژووی ئەو شارە هەڵبدەینەوە گەواهی ئەو ڕاستییە دەدەن، هاوکات لەگەڵ کۆتایی هاتنی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم، سەردەمێکی نوێ هاتەکایەوە، کە تیایدا کوردستانی باشور بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتدارێتی دەوڵەتی عوسمانییەوە، شایەنی باسە لەو ماوەیەدا قەزای کۆیسنجاق لە ڕووی سیاسیی و کارگێرییەوە لە چوارچێوەی ئەیالەتەکانی کەرکوك(شارەزور) وموسڵ مایەوە و خۆیان فەرمانڕەوایان بۆ دادەنا، پاشان لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەیەم سنوری شاری کۆیسنجاق لە ڕووی کارگێرییەوە زۆر فروان بوو، هەموو دام دەزگاکانی میری لێ کرایەوە، یەکێك لەو دام و دەزگایانەی حکومەت، دامەزراوەی پۆستی قایمقامیەت بوو، کە لەسەرووی هەموو پۆستەکانی شارەکەوە بوو، بەرپرس بوو لە بواری کارگێری و پاراستی ئاسایش و ئارامی شارەکە، پاشان لەو ماوەیەدا سی و حەوت کەس ئەو پۆستەیان بەرێوە بردووە، هەموویان خەڵکی دەرەوەی شارەکە بوون، ئەوەی جێگەی سەرنجە گۆرانکاری لە پۆستە کارگێڕییەکان لەناو جوگرافیای دەوڵەتی عوسمانی، بەشێك بووە لە سیاسەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عوسمانی، لەلایەکی ترەوە بەشێکی ئەو قایمقامانەی کە بۆشارەکە دانراون تێوەگلابوون لە گەندەڵی کارگێری و ئیداری لەشارەکە، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ڕۆشنایی بەڵگەنامە نهێنییەکانی عوسمانی نوسراوە، کە یەکەم جارە دەخرێتە بەر دیدی خوێنەران.

**وشە کلیلییەکان:** کۆیسنجاق، قایمقامیەت،یەکەی کارگێری، بەڵگەنامەی نهێنی، دەوڵەتی عوسمانی.



| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10465 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/١٠/٤ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٢/٥ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | zana.taifor@koyauniversity.org |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٣ م. زانا تەیفور عەبدولسەمەد، پ.ی.د. جەمال فتحوڵلا تەیب، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## الملخص

تُعَدّ مدينة كويسنجق من المدن العريقة في كوردستان، فاذا ما تصفحنا تاريـخ هذه المدينة وجدنا فيها شواهد كثيرة تدلّ على هذه الحقيقة. مع نهاية النصف الثاني من القرن التاسع عشر، بدأ عهد جديد ، إذ أصبحت كردستان الجنوبية خاضعًا لسلطة الدولة العثمانية بصورة مباشرة. من والجدير بالذكر أن قضاء كويسنجق من الناحية السياسية والإدارية ظلت ذلك الوقت من توابع ولايتي كركوك (شهرزور) والموصل وقاموا بتعيين الحكام بأنفسهم. وفي السبعينيات من القرن التاسع عشر ، توسعت الحدود الإدارية لكويسينجق بشكل كبير والتي تم من خلالها إنشاء جميع الدوائر الحكومية فيها. كانت إحدى هذه الدوائر هي مؤسسة القائمقامية ، وكانت تمثل اعلى السلطة في المدينة ، وكانت مسؤولاً عن إدارة المدينة والحفاظ على أمنها. بعد ذلك ، شغل سبعة وثلاثون شخصا هذا المنصب ، كانوا جميعًا من خارج المدينة. ومن الجدير بالملاحظة ان التغييرات في المناصب الإدارية داخل االدولة العثمانية كانت جزءًا من سياسة إدارة حكومتهم. من ناحية أخرى ، فإن بعض من القائمقامات الذين تم تكليفهم بالمدينة قد تورطوا في الفساد الإداري. وهنا من المهم أن نشير أن هذه الدراسة كتبت على ضوء الوثائق العثمانية السرية ، وهي لأول مرة توضع أمام أعين القراء.



## Abstract

Koysinjak is an ancient city in Kurdistan, if we look through the pages of its history it will witness that fact. With the end of the second half of the nineteenth century, a new era has been introduced, by which the South Kurdistan fell directly under the authority of Ottoman Empire. It is worth mentioning, at that time Koysinjak district in political and administrative terms remained within the Velayates of Kirkuk (Sharazoor) and Mosul and they have assigned the rulers for themselves. At the seventies of the nineteenth century, the administrative border of Koysinjak was greatly broadened by which all the government offices have been established. One of the government's offices was Qaymaqamite post, it was the top authority of the city, and was responsible for administrating and keeping the security of the city. After then thirty-seven figures ran that position, all were out of the city. It can be observed that changes in the administrative posts within the geographical Ottoman government was a part of the policy in running their government. On the other hand, some of the Qaymaqams who have been assigned for the city have involved in spoiled administration. The important thing in here is that the study was written under the light of the secret Ottoman documents, which is for the first time is subjected to the readers' sight.


## پێشەکی

قەزای کۆیسنجاق یەکێکە لە قەزا دێرینەکانی کوردستانە، پێگەیەگی سیاسیی و ئابوریی بەهێزی لە سەردەمی میرنشینە کوردییەکان هەبووە، دواتر لە دوای نەمانی دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان لە ناوچەکەدا، عوسمانییەکان باڵادەست دەبن و دەست بەسەر تەواوی باشوری کوردستان دەگرن و ئیدی شاری کۆیەش لەگەڵ ناوچەکانی تری باشوری کوردستان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان و لە ڕووی ئیداریەوە کراوە بە سەنجەق، دواتر لە ساڵی ١٨٥٦ بە شێوەیەکی فەرمی بوو بە قەزا لە چوارچیوەی سەنجەق کەرکوک(شارەزور) و ویلایەتی موسڵ، پاشان هەر بەم شێوەیە مایەوە تا جەنگی یەکەمی جیهانی و هاتنی بەریتانییەکان لە ١٥-١١\١١\١٩١٨ بۆ شارەکە، ئەوەی جێگەی سەرەنجە و بە پێویستی دەزانین توێژینەوەی لەسەر ئەنجام بدەین بوونی پۆستی کارگێڕیی قایمقامیەتە، پاش ئەوەی سوڵتان مەحمودی دووەم(١٨٠٨-١٨٣٩) کۆمەڵێك چاکسازی لە ویلایەت و سەنجەق و لیوا و قەزاکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی ئەنجامدا، بەم شێوەیە هەموو سەنجەقەکانی خستە ژێر دەسەڵاتی بەڕێوەبەرو قایمقام وموتەسەڕڕیفەکان، پاشان لە هەر قەزایەك

کەسێکی سیاسیی و سەربازیی و نزیك لە خۆیان گەورەترین پۆستی کارگێڕیی قایمقامیان پێدراوە و هەموو کاروباری دەڤەرەکەیان خستۆتە ژێردەستیەوە، بۆ ئەم مەبەستە قەزای کۆیسنجاقیش وەك هەر ناوچەیەکی تری عوسمانی لە دوای نەمانی دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان لەو شارەدا ئەو پۆستە کارگێڕییەی لێ دامەزراوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:** لەڕاستیدا تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی زانستی بەدیناکەین کە باس لە قایمقامەکانی شاری کۆیە لەو سەردەمە بکات، بۆیە ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی: پێکهاتەی کارگێڕیی پۆستی قایمقامیەت لە قەزای کۆیسنجاق (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- بەڵگەنامەییە)، بە پشت بەستن بە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەرشیفی عوسمانی ئەو بابەتە مێژووییە دەخاتەڕوو.

لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا: لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە میتۆدی وەسفی بەستووە و شیکردنەوەی بەڵگەنامەکان وەکو سەرچاوەی یەکەم بەکارهاتووە، کە خۆی لە شیکردنەوە و هەڵێنجانی ڕاستییەکان دەبینێتەوە، لە ڕێگای تێرامان و ووردبونەوە لە بەڵگە نامە نهێنییەکان وسەرچاوە مێژوییەکان و دید و تێڕوانینی خۆمان تیشکمان خستۆتەسەر.

**پێکهاتەی ئەم توێژینەوەیە:** لە پێشەکی و سێ تەوەری سەرەکی و ئەنجام پێکهاتووە: لە تەوەری یەکەمدا باس لە بارودۆخی قەزای کۆیە دەکەین لەڕووی کارگێڕییەوە، تەوەری دووەم: تایبەتە بە چۆنیەتی دامەزراندن و دانانی قایمقامەکان لە شاری کۆیە، لە تەوەری سێیەمدا باس لە کاریگەرییەکان وهەڵوێستی خەڵکی شارەکە بەرامبەر بە دەستنیشانکردنیان بۆ ئەم پۆستە دەکەین.

**ئامانج:** لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە چەندین بەڵگەنامەی بڵاونەکراوەی ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانی بەستووە، کە بۆ یەکەم جارە بڵاو دەکرێتەوە، هەروەها پشتمان بە هەندێ سەرچاوەی تری جۆراو جۆر بەستووە، کە بابەتییانە باس لە پێکهاتەی کارگێڕیی ئەم شارە دەکەن.

**کێشەکانی بەردەم توێژینەوەکە:** یەکێك لەو ئاستەنگانەی کە هاتە بەردەممان بەدەستهێنانی ئەو بەڵگەنامانە بوو، کە تێچووی دارایی زۆری ویست، پاشان وەرگێڕانی ئەو بەڵگەنامانە یەکێکی تر بوو لە کێشەکانمان، ، سەرەڕای تێچووە داراییەکەی بەهۆی ئەوەی ئەو بەڵگەنامانە لە کۆندا بەهەر سێ زمانی تورکی وعەرەبی و فارسی نوسراوە، ئەوەش پێویستی بەکەسێکی شارەزای ئەو بوارەیە تا شیکردنەوەیان بۆ بکات ، پاشان یەکێکی تر لەو ئاڵەنگارییانەی ئەوەیە، کە لە بەر ڕێنمایی و مەرجەکانی گۆڤارەکە نەمانتوانیووە، لە پەراوێز ڕونکردنەوە بۆ هەندێك لە دەستەواژەکان بدەین و بە ناچاری لەناو ناوەڕۆك باسمان کردووە، هەروەها دەبووایە بەڵگەنامەکان هەریەکە لە لاپەرەیەکی جیاواز بخەینەڕوو و دەقی وەرگێڕاوی بەڵگەنامەکەش دابنێین، بەڵام بەهۆی زۆربونی لاپەرەکان نەمانتوانیوە، بۆیە لەو چەند لاپەرەی کۆتاییدا بچووکمان کردونەتەوە.

لە کۆتایشدا ئەنجام و ڕاسپاردەکان و لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆکان خراونەتەڕوو.

## تەوەری یەکەم: بارودۆخی قەزای کۆیسنجاق لە ڕووی پێکهاتەی کارگێڕییەوە:-

لە سەرەتای دروستبوونی پێکهاتەی کارگێڕیی ئەیالەتی شارەزوور سەنجەقی کۆیە ناوی نادیارە، لە ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانی (الدفتر المالیة- دەفتەری دارایی)، ژمارە(٥٦٣) کە لە ساڵی (٩٧٠-٩٨٢ك/ ١٥٦٣-١٥٧٤ز)دەرچووە، کە تایبەتە بە کاروباری میرنشینەکان و تێیدا ناوی میرەکانی ویلایەتەکان و ژمارەی ویلایەت و سەنجەقەکانی پێکهاتەی کارگێڕیی مێژووی نوێی عێراق تۆمارکراوە، بەڵام لە دەفتەری دووەمی عوسمانی ژمارە (٦٢٢) کە بە دەفتەری کاروباری میرنشینەکان ناسراوە لە ساڵی (٩٨٧-٩٩٢ك/ ١٥٧٨-١٥٨٣ز)دەرچووە، لەوێدا ناوی سەنجەقی کۆیە وەك بەشێکی ویلایەتی شارەزور ناوی هاتووە( ساحلي اوغلی،٢٠٠٠: ٥٠٩-٥١٢)، پاشان لە فەرهەنگی عوسمانی(OSMANLI

YER ADLARI- ناوی شوێنەکانی عوسمانی) ئاماژە بەوە کراوە کە (کۆی سنجاق- Koysnanjak ) لە ڕووی کارگێرییەوە وەك سەنجەقێك لە ساڵی (١٥٦٨ز تا ١٧٣٥)ز لە چوارچێوەی ئەیالەتی شارەزور بەڕێوە بردراوە (SEZEN ,2017:489). لەلایەکی ترەوە بە گوێرەی بەڵگەنامەی عوسمانی دەفتەری موهیمە( کە یەکێکە لەو دەفتەرانەی کە لە سەرەتای سەدەی شازدەیەمەوە تا نیوەی سەدەی نۆزدەیەم بڕیارو فەرمانی خودی سوڵتان و کەسانی هۆمایون "لە سەرۆك وەزیرانەوە تا وەزیرەکان" بابەتە ئیدارییەکانی سەرجەم ناوچەکانی ژێردەستی عوسمانی تێدا تۆمار کراوە) کە لەساڵی (١٥٦٦ز تا ١٨٤٠ز)دەرچووە لە کۆی ١٣٨ بەڵگەنامەی بینراو لە ٨١ بەڵگەنامەیان ڕاستەوخۆ ناوی کۆیە وەك بەشێکی ویلایەتی شارەزوور ناوی هاتووە(جەنگی،٢٠١٩: ٧)، هەروەها (فاضل بەیاتی)ش ئاماژە بەوە دەکات کە" لە ناوەراستی سەدەی شانزەهەم لیوای کۆی سنجاقلوو لەلایەن یەکێك لە بەگەکانی بنەماڵەی سۆرانی(سهرانی)یەوە بەڕێوە دەبرا، سەر بە ویلایەتی شارەزوور بووە(٢٠٠٧: ٣٦٦). لە ناوەراستی سەدەی حەڤدەیەم دوای فراوانبوونی ئەیالەتی شارەزور سەنجەق کۆیە لە ڕووی کارگێرییەوە سەر بە ئەیالەتی شارەزور بەروونی بەدیارکەوتووە( ئەحمەد،٢٠١٩: ٤١)، بۆ ئەم مەبەستە بەشێوەیەکی پشتاوپشت لەلایەن یەکێك لە بنەماڵەی میرنشینە کوردیەکانەوە بەڕێوە براوە (مراد، ٢٠١٨: ٥٥؛ حسین، ٢٠٠٦: ٩٦-١٠٤،٩٩-١٠٧). دواتر لەسەروبەندی چاکسازییەکانی دەوڵەتی عوسمانی دوای دەرچوونی یاسای ویلایەت و شێوازی کارگێڕیی نوێ لەهەموو ناوچەکان گۆڕانکاری پەیڕەوکراو لە پێکهاتەی ئەیالەتەکان کرا، ئیتر لە ساڵی(١٨٧٩ز)بەدواوە ئەیالەتی شارەزور بوونی نەما و لەگەڵ ئەیالەتی موسڵ لە ژێر ناوی ویلایەتی موسڵ پێکەوە کۆکرانەوە ، هەر بۆیە شاری کۆیسنجاقیش وەك قەزایەکی سەر بە سەنجەقی کەرکوك لە چوارچێوەی ویلایەتی موسڵ تا کۆتای جەنگی یەکەمی جیهانی مایەوە.

شایەنی باسە لەناو دامودەزگا کارگێڕییەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە قەزای کۆیسنجاق، پۆستی قایمقام(Kaimmekam ) لەسەرووی هەموو پۆستەکانەوە بوو، کە بە باڵاترین پۆستی کارگێڕیی لە قەزاکانی عێراق دانراوە، بەرپرس بووە لە پاراستنی ئاسایش و ئارامی ئەو ناوچەیەی حوکمی تێدا کردووە، هەروەها ئەرکی پاراستنی کاروباری کارگێڕیی ناوچەکەی لەسەرشان بووە (صابان ،٢٠٠٠: ١٧٠؛)، وادیارە لەو قۆناغەدا لە نێو دەوڵەتی عوسمانی هەڵبژاردن نەبووە، چەند جارێك دەوڵەت خۆی پۆستی کەسەکانی گۆڕیوە، بۆ ئەم مەبەستەش سەنجەقی کۆیە لەڕووی کارگێڕییەوە بایەخێکی گرنگی هەبووە، ژمارەیەك بەرپرس و بەڕێوەبەری لەناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانییەوە بۆ هێندراوە و فەرمانڕەوایی ئەو شارەیان کردووە. لەڕاستیدا کاتێك ئەو شارە ڕاستەخۆ دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکانەوە، لەلایەن والییەکانی (بەغدا و کەرکوك و موسڵ)هوە بەرپرسی بۆ دیاری کراوە، لەو ماوەیەی حوکمی ڕاستەوخۆی عوسمانیدا، کەسێکی خەڵکی شارەکە لە فەرمانڕەوایەتی شارەکەدا بەدی ناکرێت، هەموو خەڵکی دەرەوەی شارەکەن، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە عوسمانیەکان هەمیشە ترسیان لە دەسەڵاتدارانی ناوچە کوردییەکان هەبووە وهەستیان بە ئارامی نەکردووە، هەر بۆیە بەردەوام ئاڵوگۆڕ لە نێوان قائیمقام و بەڕێوەبەرەکان دەکرا و بە هەرهۆکارێك بێت بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە دەسەڵات نەیاندەهێشتن(محمود،٢٠١٩: ١٠٠-١٠١). بۆبینینی ناو و ماوەی فەرمانڕەوایی کردنی قایمقامەکانی شاری کۆیسجاق بڕوانە دەقی پاشکۆی ژمارە ١).

بەپێی بەڵگەنامەکانی عوسمانی قەزای کۆیسنجاق ناوچەیەکی دوورەدەست بووە لە مەڵبەندی دەوڵەتی عوسمانی و کەشوهەواکەشی سەخت بووە، هەروەها قەزایەکی پلە سێی سەر بە ویلایەتی موسڵ بووە، بۆیە ئەوانەی خاوەن بڕوانامە و دەرچووی قوتابخانەی شاهانەی دەوڵەت بوون لەلایەن کۆمسیۆنی فەرمانبەرانی دەوڵەت هەڵدەبژێردران بۆ پۆستی قایمقامێتی، ئارەزووی ئەوەیان نەکردووە بێنە قەزاکە و ئەرکی قایمقامێتییەکەی لەئەستۆ بگرن (B.O.A,1322k:İ.DH.01432_000021_002_001) (بۆدەقی بەڵگە نامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢)، لەبەرئەمە زۆرجاران بەناچاری قەزای کۆیسنجاق بەو کەسانە سپێردراوە کە لە پۆستێکی پێشوودا سزادراون و دوورخراونەتەوە، بۆ نموونە وەك لە بەڵگەنامەیەکی تردا دەردەکەوێت کە وەزیری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی داوای دامەزراندنی کەسێکی کردووە، بەناوی (محەمەد سەعید ئەفەندی) (کوڕی مستەفا ئەفەندی رموزادە موسڵییە، لە ساڵی ١٢٦٢ك- ١٨٤٦ز لە هەولێر لەدایك بووە، زمانەکانی تورکی و عەرەبی و کوردی باش زانیووە، لە سەرەتادا وەك فەرمانبەری نیابەتی شەرعی قەزای جەزیرە دامەزرا، دوای تێپەڕینی دوو ساڵ و

نیو دەستی لەکارکێشایەوە، پاشان وەك سەرۆكی فەرمانگەی سزای سەر بە دادگای بەرایی سەنجەق شارەزوور دامەزراوە، زۆرجار تاوانبار کراوە و لە پۆستەکەی گازندەی لێکراوە)، ئەو کەسایەتییە جگە لە هەبوونی ئینتیخابنامەی) بەمانای بەڵگەنامەی هەڵبژاردنی کەسەکە دێت)قایمقامیەت، کە هیچ ئەزمونێکی لە بەڕێوەبردنی قەزادا نەبووە و پێشتریش سێ جار گازاندەی لێکراوە و رووبەرووی دادگا کراوەتەوە، بۆیە سەدری ئەعزەم) سەرۆ ك وەزیران) دامەزراندنەکەی ڕەتکردۆتەوە و داوای کردووە کەسێکی گونجاوتر دابنێن، بەڵام وەزیری ناوەخۆ دەڵێت" چ لە دەرچووانی قوتابخانەی شاهانە و چ خاوەن ئینتیخابنامەکان کەسیان ئارەزوو ناکەن لەم قەزایە دابمەزرێن و نزیکەی ماوەی ساڵێکە بە وەکالەت بەڕێوەدەبردرێت، بۆیە پێویستە ناوبراو دابمەزرێت و لە ساڵی ( ١٣١٦ك /١٨٩٩ز) دووبارە داواکەی بۆ سەدری ئەعزەم بەرزکردووەتەوە (B.O.A,1316K:I.DH.01364_000032_002_001) (بۆدەق بەڵگە نامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٣)، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە کۆمسیۆنی فەرمانبەرانی دەوڵەتیش لە بڕیارنامەیەکدا، وێرای پاساو هێنانەوە بۆ محەمەد سەعید ئەفەندی بەوەی کە بەناهەق دراوەتە دادگا و دۆسیەکەی ساغ نەبۆتەوە، هەروەها لەبەرئەوەی قەزای کۆیسنجاق ماوەی نزیکەی ساڵێکە بە وەکالەت بەڕێوەدەبرێت و کەسی شیاو خوازیار نییە لەوێ دابمەزرێت، بۆیە ڕەزامەندی نیشانداوە لەسەر دامەزراندنی ناوبراو بەو مەرجەی پێی ڕابگەیەنرێت، کە ئەگەر لە پۆستی قایمقامێتییەکەیدا شکایەتی بچێتە سەر ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی چیتر وەزیفەی پێ نەدرێت (B.O.A,1316K:I.DH.01364_000032_003_001) (بۆدەق بەڵگە نامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٤)، بۆ ئەم مەبەستە لەسەر ڕاسپاردەی کۆمسیۆن لە ساڵی (١٣١٦ك /١٨٩٨ز) دامەزراندنەکەی پەسەندکراوە و لە دوای(عەباس ئەفەندی) بۆ ماوەی سێ ساڵ بووتە قایمقامی کۆیسنجاق (B.O.A,1316K:İ.DH.01364_000032_005_001؛ جەنگی،2019: 1/131) (بۆدەق بەڵگە نامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٥).

وا دیارە لە رووی کارگێڕییەوە کەسانی شیاو بۆ شاری کۆیسنجاق نەنێردراون، هەر بۆ ئەم مەبەستەش ئەو کەسانەی کە بڕوانامەکەیان تەواونەبووە لە رووی کارگێڕییەوە روویان لە شارەکە کردووە، ئەوەتا بەپێی بەڵگەنامەیەکی تری عوسمانی کە لە ساڵی (١٣١٤ك/١٨٩٧-١٨٩٨ز)دەرچووە، کە کۆمسیۆنی هەڵبژێردراوی فەرمانبەران بۆ فەرمانگەی کاروباری ناوخۆی باب العالی ناردووە، ئاماژە بەوە دەکات" قەزای کۆیسنجاق ژمارەیەکی زۆر لە عەشیرەتی دەشتەکی (بەدەوی)دەگرێتەخۆ و دەکەوێتە سەر سنووری ئێران، بەپشت بەستن بە گرنگی و هەستیاری شوێنەکەی، عەبدولڕەحمان بەگی قایمقامی قەزای زێبار کە چەند جارێك قایمقامی ناوچەکە بووە و شارەزایی تەواوی هەیە لە خوونەریتی عەشیرەتەکان پێویست دەکات بۆ قەزای ناوبراو بگوازرێتەوە، بەڵام دوای لێکۆڵینەوەی پێویست دەرکەوتووە کە قەزای کۆیسنجاق لە چینی سێیەمە و ناوبراو( عەبدولرەحمان بەگ)یش لە هەڵبژێردراوان نییە، هەرچەندە بۆچوونی ئەوەش واش هەیە کە کەسێکی گونجاو لە هەڵبژێردراوەکان بۆ قایمقامیەتی شارەکە بنێردرێت، بەڵام بەگوێرەی بڕیاری شورای دەوڵەت ویلایەتی ناوبراو لە بابەتی هەڵبژاردن هەڵاوێردراوە ، بەو پێیەی کە قەزا ناوبراوەکان لە شوێنی دوورن و لە چینی سێیەمن کەسانی شیاو لە هەڵبژێردراوان ئارەزویان لەسەر نابێت، بۆیە بە گوێرەی ڕاگەیاندنی ویلایەتی ناوبراو گواستنەوەی عەبدولڕەحمان بەگی قایمقامی زێبار بۆ قایمقامییەتی کۆیسنجاق و دامەزراندنی ئاصف ئەفەندی لە قایمقامییەتی زێبار کرایە بڕیار و پەسەندکرا(B.O.A,1312K:I.DH.1338_000010-005-001) (بۆدەق بەڵگە نامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٨). ئەوەی لێرەدا گرنگە بیخەینەڕوو ئەوەیە، کە جۆرێك لەو کەسانەی، کە بۆ قایمقامییەتی کۆیسنجاق داندراون، ژیاننامەیان نادیارە و زۆر هەوڵماندا لەناو بەڵگەنامەکان بیاندۆزینەوە،بەڵام هیچمان دەستنەکەوت، بۆیە نەمانتوانیووە ژیاننامەی هەموو کەسایەتییەکان لە پەراوێز وەسف بکەین، سەرەڕای ئەمەش بەهۆی ئەوەی، کە جۆرێکیان ماوەی حوکم کردنەکەیان لە شارەکە کەمبووە و بەردەوام بۆ شوێنی تر ئاڵوگۆڕیان پێکراوە ، بۆیە ژیاننامەیان تەمومژی لەسەرە.

لەلایەکی ترەوە هەندێك قایمقام لە شاری کۆیسنجاق جاری وا هەبووە بەبێ هیچ تاوانێك تۆمەتێکیان بۆ دروست کراوە و هەوڵی دورخستەوەیان دراوە، ئەوەتا لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا دەردەکەوێت، کە موتەسەڕریفی کەرکوك تۆمەتێکی داوەتەپاڵ قایمقامی کۆیە بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێکی هەبێت، بەڵکو کێشەکە پەیوەندی بە ململانێی کەسییەوە هەبووە، لە ڕۆژی( ٢٠ی زولحجەی ١٣١٩ك/


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

بەرامبەر٢٨ ی شوباتی ١٩٠٢ز) سەعید ئەفەندی قایمقامی کۆیسنجاق لەسەر گازاندەی موتەسەڕریفی کەرکوك دەستی پێ لەکار کێشرایەوە، دوای ئەوەی لێکۆڵینەوە لەوبارەیەوە کرا زاندرا ئەو کەسە هیچ تاوانێکی نییە، بۆیە ئەنجومەنی کارگێڕیی ویلایەتی موسڵ لەسەرکارلادانی بێ پاساو دەزانێت و داوا دەکات بگەڕێتەوە بۆ شوێنی فەرمانبەرێتییەکەی خۆی و موتەسەڕریفیش سەبارەت بەو تۆمەتە بێ بنەمایانەی خستبویەپاڵ ئەو کەسایەتیە داوای لێبوردنی لێ بکات ،هەروەها بشگوازرێتەوە بۆ ناوچەیەکی تر (B.O.A:1319K:DH_MKT__00509_00019_001_001) (بۆدەق بەڵگە نامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٩)، بەڵام دواتر لەلایەن بابولعالیەوە لەڕۆژی (٢٧ی ربیعی یەکەمی سالی ١٣٢٠ك/ بەرامبەر ٤ی تەموزی ١٩٠٢ز) نووسراوێك بۆ ویلایەتی موسڵ کراوە، دەربارەی سەعید ئەفەندی تێیدا هاتووە" کە هەرچەندە بەپێی بڕیاری دەوڵەت بڕیاردرابوو کە سەعید ئەفەندی قایمقامی کۆیسنجاق بگوازرێتەوە بۆ شوێنی قایمقامی شاری سەماوە و لە شوێنی ئەویش ئەحمەد سالم ئەفەندی دابنرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی سەعید ئەفەندی ناوبراو بیانووی داوەتە دەست بۆ ئەوەی شکایەتی لێ بکرێت و بەهۆی فەرمانبەرێتی پێشوویەوە، لەلایەن دادگاوە خراوەتە ژێر لێپرسینەوە، بۆیە بەهیچ شێوەیەك دووبارە ڕێگای پێ نادرێتەوە لە قایمقامیەتی کۆیسنجاق بەردەوام بێت، دوای لێکۆڵینەوەش بەهۆی ئەو شکایەتەی لەسەری تۆمار کراوە، ناکرێت دووبارە فەرمانبەرێتی پێ بدرێتەوە، بۆیە پێویستە لەسەرکار لابردرێت و بۆ هەردوو قایمقامیەتی کۆیە و سەماوە کەسانی تر هەڵبژێردرێت. (B.O.A:1320K:DH.MKT.00509_00019_007_001) (بۆدەق بەڵگە نامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٠).

لەلایەکی ترەوە بەشێك لەو کەسانەی، کە پلەی بەڕێوەبەری ناحیەیان هەبووە و ویستوویانە بۆ پلەی قایمقامی قەزا سەر بکەون ، سوودیان لەو دۆخەی کۆیسنجاق وەرگرتووە و داوایان کردووە وەك ئەزمونێك بۆیان بیانکەن بە قایمقامی قەزاکە بۆ نموونە (خەلیل سامی ئەفەندی) بەڕێوەبەری ناحیەی تابانلی لە ویلایەتی ئەنقەرە لە مانگی شوباتی ساڵی( ١٣٢٢ك / ١٩٠٥ز) ئارەزووی خۆی نیشان داوە بۆ ئەوەی ببێتە قایمقامی قەزای کۆیسنجاق، لەبەرئەوەی ئینتیخابنامەی شیاوبوون بە قایمقامێتی نەبووە، بەمەرجی ئەوەی تاقیکردنەوە بکات داواکارییەکەی قبوڵکراوە و ڕەزامەندی نیشان دراوە بۆ ئەوەی وەك قایمقامی کۆیسنجاق دابمەزرێت (B.O.A,1322K:I.DH.01432_000021_002_001) (بۆدەق بەڵگەنامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٦)، دوای ئەوەی ناوبراو لەڕێگای وەرگرتنی ئەرکی قایمقامێتی کۆیسنجاق بە ئامانجەکەی دەگات و پلەکەی لە بەڕێوەبەرایەتی ناحیەوە بەرز دەبێتەوە بۆ قایمقام، دەبینین دوای ساڵێك و لە مانگی ئابی ساڵی ( ١٣٢٣ك/١٩٠٦ز) لە قایمقامیەتی کۆیسنجاقەوە خۆی گواستووەتەوە بۆ قایمقامیەتی ویلایەتی خوداوەندیگار(شاری بۆرسەی ئێستا) (B.O.A,1323K:I.DH.01438_000038_002_001).( بۆدەق بەڵگەنامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٧).

## تەوەری دووەم:چۆنیەتی دانان و دامەزراندنی قایمقامەکان لە شاری کۆیە:-

لە ساڵی (١٨٥٧ز)دا سەڵتەنەتی عوسمانی بڕیاری لادان و گۆڕینی هەندێك لە قایمقامی قەزاکانی ژێر دەسەڵاتی داوە و قایمقامی نوێی لە جێگەیان داناوە، بۆ ئەم مەبەستەش قەزای کۆیە ژمارەیەك بەرپرسی نوێی بۆ دانرا(جەنگی، ٢٠١٩: ١/٩٤-٩٥)، شایەنی باسە ئەو قایمقامانەی، کە بۆ شارەکە دادەنران، زۆرینەیان لە نەتەوەی تورك و عەرەب بوون، بە گوێرەی بەڵگەنامەکانی عوسمانی بە دەگمەن قایمقامی کورد لە ناویان دەبینرێت، بۆیە زۆربەیان کاتێك لە شارەکە دادەنران تاوانبار دەکران بە گەندەڵیی کارگێڕیی، یاخود کاری نەشیاو، یەکێك لەو قایمقامانەی کە لە دوای نەمانی دەسەڵاتی میرنشینەکان لەشاری کۆیە دەسەڵاتی وەرگرت(سەلیم ئاغا) بوو(١٢٧٣-١٢٧٤ك/ ١٨٥٦-١٨٥٧ز) کە یەکێك بوو لە کەسایەتیەکانی هۆزەکانی قەزای ناوبراو، دوای دروستکردنی پەیوەندی لە گەڵ (قەرەنی ئاغا)ی سەرۆك هۆزی بڵباس، دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە خۆی توڕە کرد و هەستان بە ئاڵوگۆڕکردنی لەگەڵ (عەلی بەگی) قایمقامی هەولێر، بەڵام بەهۆی ڕازی نەبوونی عەلی بەگ (ریکابی هۆمایۆن قەپوچی باشی) کە سەرۆکی سەربازە سوارەکانی پاشا بوو، حکومەت هەستا بە دانانی (عەبدولکریم ئاغا) وەك قایمقامی کۆیسنجاق (١٢٧٤ك/١٨٥٧ز) (B.O.A,1276K:A.MKT.UM_00377_00018_001) (بۆدەق بەڵگەنامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١١)، زۆری نەخایەند دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە ساڵی (١٢٧٦ك/ ١٨٥٩ز) بە بیانوی ئەوەی کە ئەو

کەسایەتییە، هەندێك كاری ناشەرعی كردووە لە دەسەڵات دورخرایەوە و (زەینەڵ ئاغا) لە شوێنی دانرا(باجگر ،٢٠١٨: ٣٩/٦)، لەناو كایەی كارگێڕیی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ بوونی گەندەڵیی كارگێڕیی لێپێچینەوە لە بەرپرسەكان و فەرمانبەرانی دەوڵەت هەبووە، بە بەڵگەی ئەوەی هەندێك كات لیژنەی كۆمسیۆنی فەرمانبەران و بابولعالی كێشەكانیان ڕەوانەی دادگا كردووە.

لە بەڵگنامەیەكی تری عوسمانیدا كە لە ساڵی( ١٢٧٦ك/ ١٨٥٩-١٨٦٠ز )دا دەرچووە، ئاماژە بەوە كراوە" كە قەزای كۆیسنجاق وەكو قەزای هەولێر یەكێكە لە ناوچە هەستیارەكان، شوێنی كۆبونەوەی هۆزەكانە، جگە لەمەش لەگەڵ ئێران هاوسنورە، بۆیە ئەو بەڕێوەبەرەی بۆی دادەنرێت، دەبێت كەسێكی لێهاتوو و بەتوانا و شارەزا بێت، چونكە ئەو ناوچەیە لەڕووی داهاتەوە داهاتێكی زۆری هەیە، دەبێت بە گوێرەی ویستی بابولعالی هەڵسوكەوت بكات، هەروەها ئەو كەسەی بۆ ئەو شوێنە دووره هەڵدەبژێردرێت، دەبێت كەسێكی بەكێشە و گیروگرفت نەبێت، بەناچاری ئەركەكەی وەرنەگرتبێت، پاشان گەر زانرا كەسەكە بەتوانا و شارەزا بوو ئەوا موچەكەی لە ٣٠٠٠قروشەوە(پارەیەكی بیانی بوو لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە بەكارهێنراوە، دوو جۆری هەیە وەك قروشی زێڕ و قروشی زیو، لەلایەن هەندێ وڵاتی ئەوروپیەوە بەكارهاتووە، كێشەكە بەگوێرەی سەردەمەكانی گۆڕاوە، سەرەتا كێشی ٦ دەرهەمی هەبوو)(العزاوی،١٩٥٨: ١٤٦-١٤٨) بۆ ٤٠٠٠قڕووش زیاد بكرێت، لەگەڵ پێدانی ٢٠٠٠ قڕووش لە داهاتی بەڕێوەبەرایەتی قەزای ناوبراو(باجگر،٢٠١٨: ٤٠/٦). هەر كاتێك كەسێك وەك قایمقام یاخود بەپرسی شاری كۆیسنجاق دادەنرا، دەبوایە پەیوەندی لەگەڵ سەرۆك هۆز و دەسەڵاتدارانی شار خۆش بێت، ئەگینا بە بیانووی خراپ بەڕێوەبردنی شار دەكەوتنە دژایەتی كردنی، هەروەها بەشێكیش لەو قایمقامانەی بۆ شارەكە دەهاتن هەر خەریكی گەندەڵی و دزی بوون، تەنها بۆ خۆدەوڵەمەندكردن بۆ شارەكە هاتبوون، هیچ بایەخیان بە بواری كارگێڕی و ئاوەدانكردنەوەی شارەكە نەدەدا، سەرەڕای ئەوەش دەسەڵاتدارانی عوسمانی بەشێكی كەمی بودجەیان بۆ ئەم شارە تەرخان دەكرد.

پێشتر ئاماژەمان بەوە كرد، ئەو كەسانەی كە ئەركی قایمقامیان لە شاری كۆیە پێ دەسپێردرا، وەك سزادانێك ئەو قەزایەیان دەخستە بەردەمی و دەیان نارده ئەو ناوچەیە، ئەوەتا (خەلیل ئەفەندی) دووبارە حاڵەتێكی هاوشێوی دێتە پێشەوە، كە عبدولستار ئەفەندی بەڕێوەبەری ناحیەی ئێدینجك لە ویلایەتی خوداوەندیگار هەرچەندە دەرچووی مەكتەبی شاهانەیە ئارەزووی دامەزراندنی لە قایمقامیەتی ناوبراو هەیە و دامەزراندنی خراوەتەڕوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی پێچەوانەی یاسا ڕەفتار دەكات و وەك سزادانێك لە كارەكەی دوور دەخرێتەوە، لەگەڵ ئەوەی ئینتیخابنامەی شیاوێتی بوون بە قایمقامیشی نییە، كەچی لە ئەیلولی( ١٣٢٣ك/ ١٩٠٥ز)دا، بەهۆی ئەوەی كەسی شیاو دەست ناكەوێت كە خواستی لەسەر وەرگرتنی قایمقامێتیەكە هەبێت لەسەر داواكاری خۆی وەك قایمقامی قەزای كۆیسنجاق دادەمەزرێت (B.O.A,1323k:I.DH.01438_000038_002_001) (بۆدەق بەڵگە نامەكە، بڕوانە پاشكۆی ژمارە ١٣)، پاشان لەلایەن دەسەڵاتی باڵای دەوڵەتیش فەرمانی باڵای ئیرادەی سونییەی (مەبەستی فەرمانی باڵای سوڵتان)یە بۆ دەردەكات و فەرمانبەرێتییەكەی پەسەند دەكات (B.O.A 1323K: I.DH.01438_000038_004_001), (بۆدەق بەڵگەنامەكە، بڕوانە پاشكۆی ژمارە ١٤).

لەلایەكی ترەوە لە ساڵی( ١٢٧٩-١٢٨٠ك/ - ١٨٦٣/١٨٦٤ز)دا نوسراو كراوە، كە قایمقامی قەزای كۆیسنجاق سەر بە سەنجەقی شارەزور(سامی ئەفەندی) كە هێشتا لە پۆستەكەی دەست بەكار نەبووە، ئەركەكەی گواستراوەتەوە بۆ( بەڕێوەبەرایەتی دوخان-شوێنی كۆكردنەوەی توتن) (ئەحمەد، ٢٠١٩: ٧٥) لە بەغدا پێ ئەوەی بزانرێت هۆكارەكەی چییە؟ بۆ ئەم مەبەستە محەمەد ئەمین ئەفەندی كە یەكێك بوو لە خانەدانەكانی حەلەب لە جێگەی ئەو لە ساڵی (١٢٨٠ك/ ١٨٦٤ز)دا دەستبەكاربووە(جەنگی، ٢٠١٩: ١٠٥/١). بەڵام زۆری نەخایاندووە ئەویش بە هۆكارێك لادراوە و هەر لەوساڵەدا لە جێگەی ئەو پلە سێیەم بۆ ئەحمەد ئاغا قەپوچی باشیی دەرگای عالی درا و بووە قایمقامی كۆیسنجاق(باجگر،٢٠١٨: ٤٠/٦؛ ئاراس و ئەوانی تر،٢٠١٩: ٨٧/٥٩). لە سەرەتای دەستبەسەرداگرتنی عوسمانییەكان بەسەر ناوچەكانی كوردستان لە ڕووی كارگێرییەوە ئەو كەسانەی بۆ بەڕێوەبردنی قەزاكانیان دادەنران، لەسەرەتادا پێیان دەوترا موتەسەڕریف و دواتر ناونرا بە بەڕێوەبەر پاشانیش بووە قایمقام، ئەوەی جێگەی سەرەنجە ئەو پۆستە كارگێڕییانە بەگوێرەی سەردەمە مێژووییەكان ناوەكەی گۆڕانی بەسەرداهاتووە، بەو كەسانە دەدرا كە شەهادەی پلە بەندی سێیان هەبووە و بەهەڵبژاردن دادەنران ، هەروەها بەو كەسانەش

دراوە کە نزیك لە خۆیان بوون.

شایەنی باسە زۆربەی ئەو قایمقامانەی کە بۆ شاری کۆیسنجاق دادەنران، ماوەی حوکمکردنیان زۆری نەدەخایاند، ئەوەتا (قوچە موستەفا پاشا) کاتێك لە ساڵی (١٢٩١ك /١٨٧٤ ز) وەك بەڕێوەبەری کۆیسنجاق دانرا، ماوەی ساڵێکی نەخایاند (عومەر ئەفەندی) لە ساڵی( ١٢٩٢ك/ ١٨٧٥ز) لە جێگای ئەو دانرا ، لە پاش دوو ساڵ لە بەڕێوەبردنی شارەکە، ئەم جارە (ئیسماعلی حەقی ئەفەندی) لە ساڵی (١٢٩٤ك-١٨٧٧ز) دا وەك قایمقام دانرا، پاشان ئەویش گۆڕا بۆ (سالم ئەفەندی) و لە ساڵی (١٢٩٨ك/١٨٨١ز)دا لە جێگەی ئەو دەست بەکار بوو، ئەویش تا ساڵی(١٣٠٠ك-١٨٨٣ز)مایەوە.(ساڵنامەی عوسمانی، ١٢٩٢ك: ٩٥؛ ڕؤوف، ٢٠٢١: ٥٠٠-٥٠١). ئەوەی لێرەدا دەردەکەوێت ئەوەیە، کە زۆربەی ئەو قایمقامانەی کە فەرمانڕەوایەتی شارەکەیان گرتۆتە دەست بەدەگمەن بۆ ماوەیەکی دورو درێژ دەسەڵاتیان بە دەستەوە بووە، بگرە دەسەڵاتدارانی عوسمانی بەردەوام قائیمقامەکانی شارەکەیان بە بیانووی جیاواز، یاخود هۆکارێك دەگواستەوە، جا گەندەڵی کارگێڕی بێت یاخود کەمتەرخەمی لە کارەکانیان.

دیارە زۆربەی ئەو قایمقامانەی کە بۆ شارەکە دانراون، لەسەرەتادا بەوەکالەت بوون، جگە لە ژمارەیەکی کەمیان نەبێت، کە بەشێوەیەکی فەرمی بوون، ئەوەتا لە ساڵی (١٣٠٤ك- ١٨٨٦ز) (عەلی ڕەزا)ی قائیمقامی پێشووی قەزای قەلعەجیك(دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری ئەنقەرەی) بۆ قائیمقامیەتی قەزای کۆیسنجاق بەوەکالەت لەناو ویلایەتی موسڵەوە بۆ شارەکە گوازرایەوە (B.O.A,1304K:I_ DH.01021_80543_002_001) (بۆدەق بەڵگەنامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٢)، دوای دوو ساڵ هێشتا لە ئەرکەکەی نەببووە فەرمی لە ساڵی ١٨٨٨ز ، بێ ئەوەی هیچ کەم کوڕی دیاری هەبوبێت لە پۆستەکەی دورخرایەوە، هەر لەو ساڵەدا لە شوێنی ئەو (عەبدوڵا ئەفەندی) دانرا، پاشان زۆری نەبرد ئەویش هەر لەو ساڵەدا لادرا و (جەمال ئەفەندی) دانرا، ئەوەی لێرەدا دەبینرێ لە ماوەی ساڵێکدا سێ کەس وەك قایمقام بۆ شارەکە دانراوەو لادراوە، بەهەر هۆکارێك بێت (ڕؤوف، ٢٠٢١: ٥٠١)، پاشان لە ساڵی (١٣٠٧ك-١٨٨٩ز) بە بڕیاری کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران لە ئەنجومەنی ویلایەتی موسڵ بڕیار درا، کە محەممەد نەشئەت ئەفەندی قائیمقامی پێشووی زێبار لەگەڵ جەمال ئەفەندی قایمقامی کۆیسنجاق ئاڵوگۆڕیان پێ بکرێت (باجگر،٢٠١٨: ٨٣/٦ ،٨٨؛ جەنگی، ٢٠١٩: ١١٧/١).

ئەوەی جێگەی سەرەنجە گەلێك جار بەشێك لە قایمقامەکانی کۆیسنجاق بێ ئەوەی خۆیان ئاگاداربن لەلایەن دەسەڵاتدارانی موسڵ و کۆمسیۆنی هەڵبژێردراوی فەرمانبەران فەرمانی گواستنەوەیان بۆ دەرکراوە، هەروەك ئەوەی لە سەردەمی (موستەفا سەلیم ئەفەندی) ڕوویدا و ئەو ، کە قایمقامی شارەکە بوو، کتوپڕ زانیبووی فەرمانی گواستنەوەی بۆ قەزای دهۆك دەرچووە، بەڵام زۆری نەخایەند لەگەڵ (عوسمان نوری ئەفەندی) قایمقامی شەنگال ئاڵوگۆڕیان پێکرا (جەنگی، ٢٠١٩: ١١٩/١)، بە پێچەوانەشەوە هەندێك کات قایمقامەکان خۆیان داوای گوستەوەیان کردووە، هەروەك ئەوەی لە سەردەمی (محەمەد نەشئەت ئەفەند)ی ڕوویدا، کاتێك نامەیەکی بۆ جەنابی سەدارەت پەناهی(مەبەستی سەدری ئەعزەم)ھ ناردوە و داوای بەخشینی لە کارەکەی کردووە، هەوڵیداوە لە شوێنی خۆی کەسێك بەناوی(یەحیا بەگ) کە لەخانەدانەکانی ڕەواندز بوو بۆ قایمقامی کۆیە دابنرێت، بەڵام ئەو داوایەی لەناو ئەنجومەنی ویلایەتی موسڵ ڕەتکراوەتەوە، پاشان لە ساڵی (١٣٠٨ك/١٨٩١ز)دا لە وەزارەتی ناوخۆی شکۆدار بڕیاردرا بە گواستنەوەی محەمەد نەشئەت ئەفەندی لە قائیمقامیەتی کۆیسنجاقەوە بۆ قائیمقامیەتی قورنە، هەروەها گواستنەوەی(عەباس ئەفەندی ) کە پێشتر قائیمقامی عانە بوو لە چینی سێیەم هەڵبژێردراوە بۆ قائیمقامی کۆیسنجاق، دوای ڕەزامەندی فەرمانی پاشای جەنابی تاجدار ڕایگەیاند پێویستە پەلە بکرێت بۆ ڕاپەراندنی کارەکەی و لە ساڵی (١٣٠٩ك- ١٨٩٢) وەك قایمقامیەتی کۆیسنجاق دەست بەکاربوو (ساڵنامەی موصل،١٣١٠ك:١٨٩؛ باجگر،٢٠١٨: ٩٣/٦-٩٤، ١٠١،١٠٣).

لەلایەکی ترەوە بابولعالی هەڵبژاردنی قایمقامیەتی قەزاکانی تایبەت کردبوو بەوانەی دەرچووی قوتابخانەی شاهانەن و ئینتیخابنامەی قایمقامییەتیان هەیە، بەڵام هەندێك لە هەڵبژێردراوەکان دەرچووی مەکتەبی شاهانەن و ویستی ئەوەیان نییە لە قەزای کۆیە دابمەزرێن، سەرەڕای ئەوەی هەندێك لە قایمقامەکانی کۆیسنجاق دەرچووی مەکتەبی ئامادەییش نەبوون، کەچی ڕەزامەندی نیشان دراوە لەسەر

دامەزراندنیان بەو مەرجەی لە داهاتوودا لە ڕێگای تاقیکردنەوە ئینتیخابنامە بەدەست بێنن، هەروەك ئەوەی. کە عەبدولستار ئەفەندی کاتێك لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی کەسێیتی دەکرێت، دەردەکەوێت دەرچووی قوتابخانەی مەکتەبی ئامادەییە و ئەویش بە پێچەوانەی یاسا و ڕێسا مامەڵەی کردووە، جگە لەوەی ماددەیەکی دیاریکراو نییە دەریبخات کە گونجاوە بۆ قایمقامیەتی کۆیسنجاق، تەنها لە چینی سێیەمە و وەك لە نووسراوەکەش دەردەکەوێت کەسێکی لەو گونجاوتر و لێهاتووتر بۆ ئەو پۆستە نییە ، هەروەها بە پشتبەستن بەو بڕیارەی کە ڕێگا دەدات دەرچووانی ئامادەیی دوای هەشت ساڵ لە خزمەت کردنیان بەشێوەیەکی سەرکەوتوو لە بەڕێوەبەرایەتی ناحیە تاقیکردنەوە بکەن و پلەیان بۆ قایمقامیەت بەرز بێتەوە، بەزۆرینە بڕیاردراوە لە سەر دامەزراندنی عەبدولستار ئەفەندی بۆ قایمقامیەتی قەزای کۆیسنجاق و وێنەیەك لە تەرجومەی دۆسیەی کەسیی بە شێوەی هاوپێچ پێشکەشکراوە

١٣٠٧ك: B.O.A,DH.İ:k١٣٢٢.١٤٣٨_٠٠٠٠٣٨_٠٠٢_٠٠١سالنامەی موسل،

هەندێك جاریش قایمقامێك لە بەڕێوەبردنی ناوچەیەك سەرکەوتوو نەبووە و لەجیاتی ئەوەی دووری بخەنەوە لەگەڵ قایمقامی کۆیسنجاق ئاڵوگۆڕیان پێکردووە، لەو ڕوانگەیەشەوە بەپێی بەڵگەنامەیەك دەبینین کە (ئیبراهیم بەگی) قایمقامی قەزای هەولێر لەبەرئەوەی نەیتوانیوە بەباشی قەزاکە بەڕێوە ببات، لە کانوونی یەکەمی( ١٣٣١ك/١٩١٣ز)دا لەگەڵ (حەسەن ئەفەندی) قایمقامی کۆیسنجاق ئاڵوگۆڕی پێکراوە و هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕێندراوەتەوە، کە بەڕێوەبردنی قەزای کۆیسنجاق ئاسانترە (B.O.A,1328k:I.DH.01497_000041_001_001) (بۆدەقی بەڵگەنامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٥). هەروەها بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی تر، کە لە ساڵی (١٣٣٥ك/ ١٩١٦-١٩١٧ز)دەرچووە و ئاماژە بەوە دەکات" کاتێك قایمقامی قەزای حەڕان(ئێستا ئەو ناوچەیە پارێزگایەکە لە باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا) نەسیب بەگ و قایمقامی سروچ جەلال الدین بەگ بێ ئەزموون و ناشارەزان لە کاروباری عەشیرەتەکان و لەو کەسانە نین کە هەوڵ و کۆششی بێسنوور ئەنجام بدەن، هەروەها لە خواردن پێدانی سوپاشدا سەرکەوتوو نەبوونە، بۆیە موتەسەڕڕیفیەتی ئورفە پێی ڕاگەیاندووین کە دەبێت لەکار دووربخرێنەوە" بەگوێرەی ماددەی ٣١ ی یاسای فەرمانبەرێتی لەکاتی سەرکەوتوو نەبوون لە ئەرکدا، پێویستە فەرمانبەرێتییەکەی بگوازرێتەوە و بەپێی برگەی کۆتایی هەمان ماددە ئەگەر لە فەرمانبەرێتی داهاتووشدا سەرکەوتوو نەبن ئەوا پلەی چینەکەیان دادەبەزێنرێت، نەسیب بەگی ناوبراویش دەگوازرێتەوە بۆ قەزای کۆیسنجاق، جەلال الدین بەگیش دەگوازرێتەوە بۆ قایمقامیەتی قەزای حەلەب و گواستنەوە و مووچەکەشیان بەگوێرەی بەگونجاو زانینی بەڕێوەبەرەکان دەبێت، جێ بەجێ کردنی کاری پێویست وابەستەی مۆڵەتی لایەنی باڵایە لەم بارەوە ئەمرو فەرمان بۆ خاوەن فەرمانە

(B.O.A,1335k:İ_DUİT_00045_000042_002_001).(بۆدەقی بەڵگەنامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٦).

هەمیشە قایمقامەکانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی (شکۆدار) دیاریدەکران و دواتر فەرمانەکە ڕەوانەی کۆمسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە (ئەو فەرمانگەیە تایبەت بوو بەکاروباری کارگێڕیی فەرمانبەرانی حکومەت) دەکرا و ئەوانیش جێبەجێیان دەکرد، هەرکاتێك کەسێك لەلایەن ئەوانەوە هەڵنەبژێردرابوایە ئەوا قبوڵیان نەبوو، ئەوەتا کاتێك (محەمەد ئەمین ئەفەندی) قایمقامی کۆیسنجاق لە ساڵی(١٣١٦ك/ ١٨٩٩ز)دا کۆچی دوایی دەکات، داوا دەکرێت (سەعید بەگ) یەکێك لەخانەدانەکانی ڕەواندزە بچێتە جێگەکەی (باجگر،٢٠١٨: ٦/ ١٥١؛ جەنگی، ٢٠١٩: ١/١٦١)، بەڵام ئەو داوایەی ناوبراو لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە بەبیانووی ئەوەی ئەوکەسە لە هەڵبژێردراوەکانی ئەوان نییە ڕەتدەکرێتەوە ، دانانی ئەم جۆرە کەسانە بەپێچەوانەی بڕیاری نیزامین، پاشان لە نوسراوی سەدری ئەعزەم(سەرۆك وەزیران) کە دوو ڕۆژ دواتر دەرچووە، داوا دەکات نائیبی پێشووی سەڵاحیە(کفری ئێستا) (محەمەد سەعید ئەفەندی ) کە لەچینی سێیەمە و لە مولازمە هەڵبژێردراوەکانە، بە قایمقامیەتی قەزای کۆیە دابنرێت،هەرچەندە لە پێشوتر ئاماژەمان بەوە داوە کە سەعید ئەفەندی چۆن بووە لەکارەکانی B.O.A,1316k:DH.MKT.02172_00099_001_001)).(بۆدەقی بەڵگەنامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٧). هەموو ئەمانە ئەوە دەردەخەن، کە دەسەڵاتدارانی عوسمانی هەرگیز نەیانویستووە خەڵکی ناوچە کوردییەکان وەك بەرپرس لە ناوچەکانی خۆیان دابنرێن، چونکە پێیان وابووە ئەوانە زۆربەیان ئاوێتەی هۆزگەرای ناوچەکەی خۆیانن، هەرچەندە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لەسەردەمی میرنشینە کوردیەکاندا هەندێك پلەی کارگێری وەك(میری میران، سەنجە بەگ، بەگەلەر بەگ)یان بەمیرە کوردیەکان داوە، بەڵام لە دوای نەمانی دەسەڵاتی میرە کوردەکان لە ناوچەکەدا، جگە لە کەسانی نزیك لە خۆیان، ئەگینا کەسی تریان بۆ ناوچەکە دانەناوە، سەرەڕای ئەوەی شاری کۆیسنجاق کۆمەڵێك کەسایەتی شارەزا و بەئەزموونی وەك (حاجی بەکر ئاغای حەوێزی و حەما ئاغای غەفوری، مەلا عەبدوڵای جەلی، هیتر) لێبووە.

## تەوەری سێیەم:هۆکارو کاریگەرییەکانی دورخستنەوەی بەشێك لە قایمقامەکانی شاری کۆیسنجاق :-

لە ساڵی (١٣١٤ك/ ١٨٩٦ز) عەبدولڕەحمان بەگ بۆ قایمقامیەتی قەزای کۆیسنجاق دیاریکرا (جەنگی،٢٠١٩: ١٤٦/١؛ رؤوف،٢٠٢١: ٥٠١)، دوای دەست بەکاربوونی، زۆری نەخەیاند پەیوەندی لەگەڵ بەشێکی خەڵکی شارەکە تێکچوو، ئەمەش وایکرد خەڵکی شار بەسەر دوو بەرەدا دابەش بن، بەشێکیان پشتگیری قایمقامیان دەکرد و بەشەکەی تریان دژی بوون، سەرەڕای ئەوەش لەسەردەمی ئەو کەسایەتییهدا هەندێك ڕووداو لەشارەکە ڕوویاندابوو ، کە کاریگەری نەرێنی لەسەر دەسەڵاتەکەی دروستکردبوو و ببووە هۆی نیگەرانی دەسەڵاتدارانی عوسمانی، لەلایەکی تریشەوە کەسێك بە ناوی (حەوێززادە ڕەشید) و هاورێکانی کەوتنە دژایەتی کردنی قایمقام، لەبەر =ئەوەی کاتێك قایمقام دەست بەکاربوو بایەخی بە بواری کارگێری شارەکە نەدا و بەهۆی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی، کارێکی کرد خەڵکی شارەکە لەدژی ڕاپەرن و دوکان و بازار دابخەن، بۆ ئەم مەبەستە ئاسایشی شارەکە تێکچوو، ئەمەش موتەسەڕریفی کەرکوکی ناچار کرد داوا لە وەزارەتی ناوخۆی شکۆدار بکات پەلە بکرێت لەلادانی ئەو قایمقامە (باجگر،٢٠١٨: ٦/١٤٦-١٤٧). پاشان تەلەگرافنامەیەك لە ڕۆژی(٢٥ی زولحجەی ساڵی ١٣١٤ك/ بەرامبەر ٢٧ی نیسانی ١٨٩٧ز) لە ویلایەتی موسڵەوە بۆ وەزارەتی ناوەخۆ ڕۆشتووە ئاماژە بەوە دەکات" ئەو ڕووداوەی لە شارۆچکەی کۆیە ڕوویداوە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خراپی بەڕێوەبردنی شارەکە لەلایەن قایمقام (عەبدولڕەحمان بەگ)، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی ڕێوشوێنە وەرگیراوەکان دوکانەکان کرانەوە و هەرکەس دەستی کردەوە بە بە کاری خۆی و ناهەمواریی دامرکێنرایەوە. بەڵام قایمقامی ناوبراو هیچ گوێ بە ڕاسپاردەکان نادات و تەنانەت فەرمانبەری لێکۆڵینەوەشی بۆ بەرژەوەندی خۆی بە فرتوفێڵ بەرەو لای خۆی ڕاکێشاوە و سوورە لەسەر ئەوەی دووبارە ئاژاوەگێڕییەکی تر لە ناوچەکە دروست ببێتەوە، بۆیە مانەوەی لە پۆستەکەی دەبێتە هۆی نوێبوونەوەی ڕووداوەکان، بۆیە پێویستە یەکسەر دەست لەکارهەڵبگرێت و لە شوێنی ئەو قایمقامی سەڵاحیە(کفری ئێستا) (ئەمین ئەفەندی) کە ڕەزامەندی نیشاندراوە لەسەری وەك قایمقامیەتی کۆیسنجاق دابمەزرێت ، پێویستە ناوبراو بەپەلە بچێتە ئەوێ و ئاسایشی کۆیسنجاق بگێڕێتەوە و ئەو کەسە ناسراوانەش کە هۆکاری ئەم دۆخەن لەگەڵ بکوژانی نوێنەر دەستگیر بکات و بیانهێنێتە مەرکەزی لیوا و ئەمەش بە ناوچەکەی ڕاگەیاندراوە" (B.O.A:1314K:İ.DH.01349_000044_001_001).(بۆدەق بەڵگەنامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٨).

لەلایەکی ترەوە بە گوێرەی بەڵگەنامەی عوسمانی ژمارە(٣٦٦) لە ڕۆژی(١٩ی ذی القعدە ١٣١٥ ك/ بەرامبەر ١١ی نیسانی ١٨٩٨ز) فەرمانگەی کارگێڕیی دەوڵەت مولکیە پەڕاوەکانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی، ویلایەتی موسڵ دەربارەی ئەو دۆسیانەی دراونەتە پاڵ قایمقامی پێشووی قەزای کۆیسنجاق (عەبدولرەحمان بەگ) ئاراستەی شورای دەوڵەت و وەزارەتی ناوەخۆ کراوە، بەگوێرەی ناوەڕۆکی پەڕاوە ناوبراوەکان ئەو دۆسیانەی سەرپێچی، کە دراونەتەپاڵ قایمقامی ناوبراو بریتین لەمانەی خوارەوە:

١-لەکاتێکدا مستەفا بەگی موختاری پێشووی گوندی هیران، لە سنوری قەزای کۆیسنجاق بەهۆی دۆسیەیەکی کوشتن ڕێکاری یاسایی بۆ ئەنجام دەدرا، ئەو هەڵسا بە دامەزراندنی یەحیا بەگ وەك موختار لە شوێنی ئەو، بەو هۆیەشەوە بووەتە هۆکاری کوژرانی یەحیا بەگ و دوو کەسی تر و سوتاندنی چەند ماڵێك.

٢- ئەو ئاژەڵانەی لە شەڕی نێوان ئەو دوو بنەماڵەیە بنەماڵەی موستەفا بەگ و یەحیا بەگ دەستی بەسەرداگیراوە زۆربەی بۆخۆی بردووە.

٣- لەمیانەی وەرگرتنی ئەو باجەی کە لە ئەستۆی عەبدولڕەحمان بەگ بووە سەبارەت میری عەشیرەتی میر یوسفی، کە بەشێوەی موزایەدە

فرۆشراوەتە کەسێك بەناوی تاهیر ئاغا، بە ئەندازەی نرخی ئەسپێکی بۆ عەبدولڕەحمان بەگ جێهێشتووە.

٤- ئەو برەی کە بەناوی یارمەتی دامەزراوەی سەربازی کۆکراوەتەوە، بەشێکی ڕادەستی سندوق کراوە و بەشێکی تریشی بەو باجانە حیساب کراوە، کە لە ئەستۆی خەڵکین و بەشێکی تریش لە دەستی ئەم و ئەو بە نادیاری ماونەتەوە و قایمقامیش چاوپۆشی لێکردووە، هەروەها بە بەهانەی جیاواز و لە ڕێگای ئەغیل بەگی مولازمی پۆلیس (زەبتییە) و فەتاح ئۆتەچی پارەی لە کۆمەڵێك خەڵك وەرگرتووە.

٥- ٢٠پارچە ئاڵتونی لەو سامانە بردووە کە لە عەشیرەتی نورەدینی دەستی بەسەرداگیراوە، هەروەها لەکاتی ئەنجامدانی ڕێکاری یاسایی بەرامبەر (ئیسماعیل ئاغای) یاخی بوو، ١٢٠ سەر مەڕ بە بەهای سێ سەر ئەسپی بردووە، هەروەها ئەو برە پارەیەی بەناوی نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەی حکومەت لە سندوقی شارەوانی بە قەرز وەرگیراوە بۆخۆی بردووە. بەهۆی ئەو خراپ بەڕێوەبردنەیەوە لە ناوەندی قەزاکەدا ئاژاوە سەریهەڵداوە (B.O.A,1318:BEO_001495_112068_002_002).(بۆ دەقی بەڵگەنامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٩). لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە قەزای کۆیسنجاق، ناوچەیەك بووە، کە بەردەوام کێشە و ململانێی هۆزایەتی تێیدا سەریهەڵداوە، بۆئەم مەبەستە ئەرکی بەرپرسانی شارەکە بە تایبەتی قایمقام قورس بووە، بۆیە هەریەکە لەو قایمقامانەی ئەو شارەیان بەڕێوە بردووە لە بابەتێکەوە تێوەگلاون ، هەروەها هەندێ کاتیش ئەو پۆستە لەلایەن کاربەدەستانی عوسمانی بۆبەرژەوەندی تاکەکەسی بەکاریان هێناوە.

لەمیانەی لێکۆڵینەوەو چاوپێکەوتنەکان دەرکەوتووە کە دامەزراندنی یەحیا بەگ لە شوێنی مستەفا بەگ بە هەڵبژاردنی دانیشتوان و ڕەزامەندی مەقامی ویلایەت ئەنجام دراوە، بەهۆی کوژرانی یەحیا بەگەوە، محەمەد مستەفا بەگ دەستگیرکراوە و ڕادەستی دادگای قەزاکە کراوە، بەڵام لەو کاتەی، کە بە فەرمانی داواکاری گشتی بۆ کەرکوك دەگوازرایەوە ڕایکرد و گەڕایەوە گوندەکەیان، بۆ دووبارە دەستگیرکردنەوەشی لەلایەن مەقامی ویلایەت و موتەسەڕیفییەتەوە فەرمان درایە قایمقامیەت و لەلایەن فەرماندەییشەوە فەرمان درایە فەرماندەیی تابوری نیزامی و بەو هۆیەشەوە مەفرەزەیەکی تایبەت نێردراو لەگەڵ محەمەد مستەفا بەگ ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە و شەڕ ڕوویدا و لەکاتی ئەو ڕووداوەشدا قایمقام عەبدولڕحمان بەگ ئامادە نەبووە، بۆیە ئەو بە هۆکاری ئەمە دانانرێت، هەرچی ئەنجامدانی کوشتن و زەوت کردن و چەك هەڵگرتنە بەرانبەر بە سەربازانی شاهانە لەلایەن موستەفا بەگ و ئیسماعیل ئاغای شێخ بزێنییەوە ، ئەوا بە لێکۆڵینەوەی دادوەری ڕوونکراوەتەوە و لەلایەن دادگای لێپێچینەوەی ناوچەییەوە بڕیار لەسەر پێویستی دادگایی کردنیان دراوە. (B.O.A,1 318:BEO_001495_112068_002_002).

هەرچی ئەو کەلوپەل و ئاژەڵانەی محەمەد مستەفا بەگە کە دەستیان بەسەرداگیرا، ئەوا بە ئامادەبوونی لیژنەی کارگێڕیی و بە ئاشکراو بە موزایەدە بە ٣٢١٧ قورووش فرۆشرا، هەروەها یەك سەر ئەسپ کە بەرامبەر باج لە عەبدولڕەحمان بەگ وەرگیراوە بە ١٥٠ قورش فرۆشراوەتە تاهیر ئاغای کۆیی، هەروەها ئەو سێ سەر ماینەی لە ئیسماعیل ئاغای یاخی بوو دەستی بەسەرداگیرا، دوو دانەیان بە ٣٠٠ قورووش فرۆشراوەتە جەلیل ئاغای حاجی ئەسعەدزادە و ئەوەی تریش بە ئاگاداری مولازمێکی پۆلیس بە ١٥٠ لیرە دراوەتە پۆلیسێك. هەروەها ئەو ١٢٠ سەر مەڕەی لەکاتی ڕێکاری پێویستی دژ بە ئیسماعیل ئاغا دەستیان بەسەرداگیراوە جگە لە ٣٢ دانەیان، لەو لەڕو لاوازانەی کە بەهۆی توندی باران بارینەوە لە گوندەکان مانەوە بە ٥٦٠ قورش درانە عەبدول وهاب ئەفەندی کە لە مولازمانی پۆلیسە. هەروەها پێستی هەشت دانەیان کە مرداربووبوونەوە لەڕێگای لیژنەیەکی تایبەتی سەربازی بە ١٢٠ قورووش فرۆشران و ئەو برە باسکراوانەش تۆمارکراون. ئەو پارەیەش کە لە سندوقی شارەوانی بەقەرز وەرگیراوە بۆ نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەی حکومەت، ٦٠٠٠ قورش بە زانیاریی سەرۆکی شارەوانی ناوچەیی بەتەواوی خەرج کراوە. هەرچی ئەو بانگەشانەیە دەربارەی پارەوەرگرتن لەم و لەو هەمووی تەنها قسە و قسەڵۆکن. ئەو یارمەتییانەش کە بۆ یارمەتیدانی دامەزراوەی سەربازی کۆکراوەتەوە ٩٦٠٠ قورووشی بە نەختینە نێردراوەتە سەنجەقی کەرکوك و ٤٠٠ قورووشی تریش بۆ خەرجییەکانی ئەوە خەرج کراوە و لە پەڕاوی بەردەستیش تۆمارکراون(B.O.A,1318:B EO_001495_112068_002_002).

شایەنی باسە هەرچی بابەتی ئاژاوەی ناوەندی قەزاکەیە، بەهۆی ئەوەوە بووە، کە چەند کەسێك لەدژی قایمقام هێرشیان کردووەتە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

سەر باڵەخانەی حکومەت و بەو هۆیەشەوە ماوەی پێنج ڕۆژ بازاڕ و دوکانەکان داخراون، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە کەسێك بەناوی (حەمە ئەحمەد ئاغا) هەستی کردووە حکومەت دەیەوێت باجی (٣٠٠٠ )قوڕووشیان لێوەربگرێت، بەگوێرەی گێڕانەوەیەکی تر (٦٠٠٠) سەر مەڕی لێ وەربگرێت کە بە نهێنی هەیبووە. ئیتر بەم شێوەیە قایمقام عەبدولڕحمان بەگ ئەرکەکەی بەشێوەیەکی چاك و بۆ پاراستنی بەرژەوەندی دەوڵەت ئەنجام داوە و بەم هۆیەشەوە پێویست بەوە ناکات کە بەهۆی ئەو دۆسیانەوە دادگایی بکرێت و هیچ شتێك نابینرێت کە ڕێگری بکات لەوەی خزمەت بکات. هەرچی ئەو ڕووداوەشە کە دوای پێنج شەش ڕۆژ لەمانە ڕوویداوە و تێیدا ئەحمەد ئەفەندی نوێنەری قەزاکە بەشەو لە ماڵەکەیدا بە گولەی تفەنگ کوژرا، بە لە بەرچاو گرتنی ئەوەی ڕەنگە ئەمە پەیوەندی بەم ڕووداوانە هەبێت، هەم تەلەگرافنامەکان و هەم پەڕاوی لێکۆڵینەوەکان لەلایەنی دادگەوە پارێزراوە.تێبینی: لەژێرەوەی بەڵگەنامەکە مۆر و ئیمزای ١٧ ئەندام هەیە (B.O.A,1318:BEO_001495_112068_002_002).

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە دەوڵەتی عوسمانی گەندەڵی لە دەسەڵات و بەڕێوەبردندا لە بواری کارگێڕیی وئیداریی هەبووە، سەرەڕای ئەوەی لەو قۆناغەدا لێپێچینەوە و سزادان هەبووە، بەڵام جۆرێك لە بەرپرسان گوێیان پێ نەداوە، ئەوەتا لێکۆڵینەوەی تایبەت بە فەرمانبەران لەلایەن ئیدارەی ناوچەیی سەنجەقی کەرکوکی ویلایەتی موسڵ دەربارەی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی هەستاون بە ناردنی لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆ (عەباس ئەفەندی) قائیمقامی کۆیە دوای لێکۆڵینەوە و کۆنوسی ڕاسپاردەکانی وەزارەتی ناوخۆ دۆخەکەیان بەو شێوەی خوارەوە ڕوونکردۆتەوە:

١-دەربارەی چۆنیەتی ئەوەی کە بەرتیلی وەرگرتووە لە موفتی قەزای ناوبراو بۆ ئەوەی فەرمانی گەڕانەوەی بۆ سەر پۆستەکەی جێ بەجێ بکات، موفتی ناوبراو ڕوونی کردەوە کە هەرچەندە خۆی هیچ پارەیەکی نەداوەتە قایمقام (عەباس ئەفەندی)، بەڵام لەبەرئەوەی فەرمانی لیوای بۆ گەڕانەوەی بۆ سەر پۆستەکەی جێبەجێنەکردووە، زاواکەی بڕی شەش ئاڵتونی پێداوە، هەرچەندە قایمقامی ناوبراو ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات، بەڵام لەمیانەی لێکۆڵینەوەکەدا خاڵی دووەم پاڵپشتی قسەکانی موفتی ناوبراو دەکات.

٢- لەلایەن هەندێك کەسەوە باس لەوە دەکرێت کە قایمقام(عەباس ئەفەندی) لە بەرانبەر وەرگرتنی بەرتیل لە کەسێکی بەندکراو بەناوی (ساڵح) ئازادیکردووە، کاتێکیش لەو بارەوە پرسیار لە قایمقام کرا، وتی" کە بە پاڵپشتی بڕیاری دادگا ئەوە ڕوویداوە، بەڵام بە شایەدی شاهیدەکان ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە بەرتیلی وەرگرتووە.

٣- دەربارەی ئەو هەواڵەی کە گوایە قائیمقام (عەباس ئەفەندی) بەرتیلی لە بەندکراوێك بەناوی (ئاسەمیرە) وەرگرتووە و ئازادیکردووە، پرسیار لە قایمقامی ناوبراو کراوە، هەرچەندە ووتی" کە ئەوکەسە ناناسێت و بابەتی بەرتیل وەرگرتنەکەش هەڵبەستراوە، بەڵام کەسانێك لەو بارەوە شایەدی دەدەن".

٤- بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە زەویە بێ خاوەن و چۆڵەکانی گوندی تەکەوڵ لەلایەن کەسێکەوە بەناوی (مەلا موسا) ئاوەدان کراوەتەوە و بە بڕیاری مەجلیسی ئیدارە بەناوی کراوە و ئەویش ساڵ بە ساڵ باجی خۆی داوە، کەچی قایمقام بەرتیلی لە موختارەکانی گوندەکانی (گۆمەشین و کێشکە و ئاودەلۆك) (ئەو گوندانە دەکەونە دەشتی کۆیە سەر بەقەزای کۆیەن) وەرگرتووە و ئەو زەویانەی بەناوی ئەوان کردووە، کاتێکیش پرسیاری ڕاستی ئەو بابەتە لە قایقمامی ناوبراو کرا گووتی لەڕاستیدا سەردەمی پێشووتر بە پێچەوانەی یاسا ئەو زەویانە بەناوی مەلا موسا کراون و بەو پێیەی مەجلیسی ئیدارە بە گونجاویان زانیوە کە دەستدرێژی ناوبراو بۆ سەر زەوی گوندەکانی دراوسێی تەکەوڵ لابدرێت، ئەو زەویانە بەناوی خەڵکی گوندەکانی دراوسێی کراوەو بابەتی بەرتیل وەرگرتنەکەش بە تەواوی هەڵبەستراوە، بەڵام خەڵکانێك شایەتی دەدەن لەسەر ئەوەی کە بەرتیلی وەرگرتووە.

٥- هەواڵی ئەوە هەیە کە ئەو بڕە پارەیەی، کە بەکربەگی (سەرۆکی میریوسفی) وەك باج ناردوویەتی، قایقمامی ناوبراو وەریگرتووەو خواردوویەتی، هەروەها بەرتیلیشی لێ وەرگرتووە. قایمقام دەڵێت" ئەمە پێچەوانەی ڕاستیە و ناشتواندرێت ئەوکەسانە بهێنرێن کە لەو بارەوە زانیاریان هەیە".

٦- هەواڵی ئەوە هەیە کە سەرۆك شارەوانی لەوکاتەی کەلوپەل و پێداوستییەکان بە قیمەت بوون هەڵنەستاوە بە کۆکردنەوەی بەشی دەوڵەت (باج) و بۆ ئەو کاتە لێی گەڕاوە کە نرخەکان دابەزیوون و بەمەش زیانی بە خەزێنەی دەوڵەت گەیاندووە. کاتێکیش لە ڕاستی هەواڵەکە لە قایمقام پرسیارکرا، وتی" کاتی خۆی کە نووسەری دارایی ڕاپۆرتەکانی نارد، دەربارەی کۆکردنەوەی بەشەکان، ئەویش بەشێوەی بەرنامەی خۆی بۆ زابیتەی ناردووە و سەرۆکی ناوبراویش کاتی کوشتوە".

٧- بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە سەرۆکی شارەوانی بەبێ ئینتیخاب ماوەی حەوت ساڵە لە پۆستەکەیدایە. کاتێکیش لیوا فەرمانی ناردووە دەربارەی ئینتیخابی سەرۆك شارەوانی، قایمقامی ناوبراو بەرتیلی وەرگرتووە و جێبەجێکردنی فەرمانەکەی دواخستووە. لە وەڵامدا قایمقام بەتەواوی نکوڵی لە وەرگرتنی بەرتیل کرد و وتی" دواکەوتنی جێبەجێکردنی ئینتیخابەکەش بەهۆی سەرقاڵبوونی بە باج کۆکردنەوە و سەربازگرتن بووە ، بەڵام شایەت هەیە دەربارەی ئەوەی کە بەهۆی وەرگرتنی بەرتیلەوە جێبەجێکردنی ئینتیخابەکە دواخراوە.

٨- هەواڵی ئەوە درا کە بە فەرمانی قایمقام دراوە بیانییەکان بەبێ دیاریکردنی بەهاکەی لەلایەن سندوقی داراییەوە وەرگیراون، پاشان بە نرخێکی زیادە سەرفکراون، هەرچەندە کاتێك پرسیاری چۆنیەتییەکەی لە قایمقامی ناوبراو کرا، بێئاگابوونی خۆی لەم بابەتە ڕاگەیاند، بەڵام بە پشتبەستن بە قسەی ئەفسەرانی نیزامی و یەدەگ و کەسانی تر بابەتەکە نزیکە لە ڕاستییەوە.

٩- دەربارەی ئەوەی کە لەمەوبەر باجی تەختەدار (أخشاب) لەلایەن خاوەنەکانیەوە باجەکە دەدرایە مولتەزیمەکان (مولتەزیم): ئەوانەی بەرپرس بوون لە کۆکردنەوەی باج و پێشەکی بەشی دەوڵەتیان دەدا)، بەڵام قایمقام دووبارە باجێکی تری لە پیشەوەران وەرگرتووە، لە وەڵامدا گوتی ئەو باجەی دراوەتە مولتەزیمەکان هی ساڵی ڕابردوو بووە و ئەو باجەی کە لەلایەن قەزاوە وەرگیراوە هی ئەم ساڵەیە، بەڵام ئەوانەی زانیارییان لەو بارەوە هەیە شایەتی دەدەن کە باجەکە دووبارە وەرگیراوە.

١٠- دەربارەی ئەوەی کە قایمقام ڕێگای بە سەرۆك شارەوانی داوە بۆ ئەوەی بەهای موقاتەعاتەکانی (موقاتەعات: ئەو زەویەی بەرامبەر کرێیەك دەدرێتە کەسێك) کە لە ئەستۆیەتی لەڕێگای مەڕەوە تەسویە بکات (لە بەڵگەنامەکە نووسراوە -قیرمە قیون- جۆرێکی مەڕە)، هەرچەندە قایمقام گووتی ئەمە پێچەوانەی ڕاستییە، بەڵام بە شایەتی شایەتیدەرەکان ڕاستییەکە چەسپاوە.

١١- کۆنووسێك بەهاوبەشی لەگەڵ مەئموریەتی ئیدارە دراوەتە لایەنی لیوا و تێیدا باس لەوە دەکرێت کە( حەمە ئاغا)ی کۆیسنجاق چووەتە خاکی ئێران و ئاسایشی ناوچەکەی تێکداوە، بەڵام بە پشتبەستن بە شایەتیدانی زابتانی نیزامی و یەدەگ، ڕاگەیاندنی ناوچەیی دەوترێت کە ناکۆکی و ململانێی لەگەڵ قایمقام هەبووە، ئەمە لە ڕاستییەوە دوورە.

١٢- کۆنووسی هاوبەشی ئەندامانی مەجلیسی ئیدارە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە لەکاتێکدا قایمقام پابەندکراوە بەوەی ماڵی دەوڵەت بپارێزێت و چاودێری بکات، ئەو لە کاروباری سپاردنی باجی دە یەك و کۆکردنەوەی داهاتەکان لە گەندەڵی تێوەگلاوە و مافی خەزێنەی ژێرپێخستووە، بەرامبەر هاوڵاتییانیش وازی لە مامەڵەکردن بەیەکسانی هێناوە و بۆ برەودان بە خواستە کەسییەکانی خۆی، خراپەکاریی لەنێوانیان ناوەتەوە و ئەرکی فەرمانبەرێتییەکەی بەشێوەیەکی خراپ بەکارهێناوە.

١٣- ئەو نامیلکانەی دەربارەی پەتای مانگا لەلایەن لیواوە نێردراوە بۆ ئەوەی بەخۆڕایی بەسەر خەڵك دابەش بکرێت، قایمقامی ناوبراو بە نرخی جیاجیا فرۆشتوویەتییەوە و شایەتەکان شایەتی لەسەر ئەوە دەدەن.

١٤- ئەوە ڕوونبووەتەوە کە قایمقامی ناوبراو گوێی بە کۆکردنەوەی ئەو داهاتانە نەداوە کە لە ئەستۆی کەسانێك بوون و بە نرخی زیادە کەلوپەلیان بۆ سەربازانی شاهانە کڕیوە.

١٥- پرسیاری ئەوە لە قایمقامی ناوبراو کرا کە بۆچی کەسێك بەناوی( ڕەشید ئاغا) قەرزداری دەوڵەتە و بەبێ ئینتیخابیش لە ئەندامێتیی بەرایی دامەزرێنراوە؟ لە وەڵامدا قایمقام وتی: ناوبراو لەمەوبەر زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێنابوو، کاتێکیش لەلایەن لیواوە هەڵوەشێندرایەوە، کەسی پێشووتر دەوامی نەکرد و ئەمەش پێچەوانەی بەرژەوەندی هاووڵاتییانە و دەستەی دادگا بە کۆنووس ئەوەی ڕوونکردەوە کە پێویستە فەرمانەکەی بنووسرێت و بۆیەشە دامەزراندنی بەگونجاو زاندرا. هەرچەندە دەربارەی ئەوەی کە قەرزی دەوڵەتی لە ئەستۆ بووە ڕایگەیاند


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

که زانیاری لەوبارەیەوە نییە، بەڵام بە تێروانین لەوەی کە پێویستە مەجلیسی ئیدارە ئەو کەسانە بناسێت کە قەرزیان لەسەرە، قایمقام لەمبارەیەوە ئەرکەکەی خۆی جێبەجێنەکردووە ١٣١١K:i_DH,B.O.A_١٣١٦_٠٠٠٩_٠٠٠٠٢_٠٠٢_٠٠٢)(بۆدەق بەڵگەنامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢٠). ئەوەی جێگەی سەرنجە هەرچەندە لێپێچینەوە لە دەوڵەتی عوسمانی لەسەرفەرمانبەرانی هەبووبێت ، بەڵام سزای ئەوتۆ نەدراون، تەنها لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ئالوگۆڕیان پێکراوە ، ئەوەتا لێرەدا دەردەکەوێت کاتێك قایمقامی قەزای کۆیسنجاق ئەوهەموو کارە نابەجێیەی ئەنجامداوە هەر لە بەرتیل وەرگرتن لەگەڵ سەرۆك شارەوانییەوە بگرە تا چەندان کێشەی تر، ئینجا سزایەکی قورس نەدراوە، تەنها گواستراوە بۆ شوێنێکی تر، هەروەها وادیارە ژینگەی کارگێڕی ئەوکاتەی شارەکە وابووە بەردەوام کێشەی ئیداریی و سیاسیی هەبێت.

کۆنووسی ئەنجوومەنی ئیدارەی لیوا ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە لەو بابەتانەدا هەریەکە لە سەرۆك شارەوانی (عبدالله ئاغا) و بەڕێوەبەری دارایی (عەبدولرەزاق ئەفەندی) لەگەڵ قایمقامی ناوبراو هاوبەشن و هۆکارن بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانانە و تۆمەتبارکراون. بۆیە بەبێ مۆڵەت وەرگرتن سەرۆکی شارەوانی و دوای مۆڵەت وەرگرتن لەلایەنی پەیوەندیدار بەڕێوەبەری دارایی لەلایەن لیواوە ڕاپێچی دادگا کراون. هەرچی قایمقامی ناوبراوە لەبەرئەوەی خاوەن ئیرادەی سونییەیە (فەرمانی باڵای سوڵتان) دادگایی کردنیشی پێویستی بە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئیرادەی سونییەیە، بۆ بەرژەوەندی گشتی پێویستە ناوبراو بەو دۆخە لە پۆستەکەی نەمێنێتەوە و دەمودەست بە ئاڵوگۆڕکێ یان بەشێوەیەکی تر لە کارەکەی دووربخرێتەوە، بەو پێیەی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە وادەخوازن کە عەبباس ئەفەندی ، بە مۆڵەتی لایەنی باڵا دادگایی بکرێت ، هەر لە ئێستاوە قایمقامی ناوبراو لەکاردووردەخرێتەوە و وەزارەتی ناوخۆ ڕادەسپێرین کە ئاگاداری بنێرێت بۆ ویلایەتی ناوبراو بۆ ئەوەی دادگایی بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو پەڕاوانەی لێکۆڵینەوەکە بکرێنە بنچینەی ئەو دادگاییکردنەی کە بەڕێوە دەچێت، دووبارە بەشێوەی هاوپێچ بۆ ویلایەتی ناوبراو دەنێردرێتەوە. ئەمر و فەرمان بۆ خاوەن فەرمانە، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دادگاییکردنەکەی بڕوانە بەڵگەنامەی (B.O.A,İ_DH_١٣٦٤_٠٠٠٠٩_٠٠٣_٠٠١. )بۆدەق بەڵگەنامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢١). پێمان وایە ئەو قایمقامانەی کە لەوماوەیەدا فەرمانڕەوایی شاری کۆیسنجاقیان کردووە، زۆربەیان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە و کاربەدەستانی کارگێڕیی تووشی کێشە و ئاستەنگ بوونەتەوە ، چونکە لە خوێندنەوەمان لە بەشێك لە بەڵگەنامەکان بۆمان دەرکەوتووە، کە هیچ کەسێك نەیتوانیووە بۆ ماوەیەکی دورودرێژ لەو پۆستە کارگێڕییە بمێنێتەوە، بەردەوام لەلایەن والی موسڵ و سوڵتانی عوسمانی جێگۆرکێیان بە قایمقامی قەزا و ویلایەتەکانی ژێردەسەڵاتی عوسمانی کردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە یان بەهۆی ترسی عوسمانییەکانەوە بووە، یاخود بەهۆی کارە نابەجێیەکانی کەسانی بەرپرسە کارگێڕییەکانەوە بووە.

## ئەنجام و ڕاسپاردەکان

لە دووتوێی ئەم توێژینەوەدا دەتوانین بڵێین گەیشتوینەتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:-

١-لەڕووی کارگێڕییەوە سنوری قەزای کۆیسنجاق، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم زۆر فراوان بووە ، ژمارەیەك خێڵ و هۆزەکانی ناوچەکە کەوتونەتە ناو ئەم یەکە کارگێڕییەی کە شاری کۆیەی پێ ناسراوە، ئەوکاتە شاری کۆیسنجاق وەك سەنجەقێك چەند ناوچەیەکی لە ژێردەستدا بووە .

٢- یەکێك لەم پۆستە کارگێڕییانەی لەسەردەمی عوسمانییەکان لە قەزاکەدا هاتۆتەکایەوە، پۆستی قایمقام بووە، کەنزیکەی( ٣٧) قایمقام لەوماوەیەدا فەرمانڕەوایی شارەکەیان کردووە، ئەم پۆستە لەسەرووی هەموو پۆستەکانی تری ئەم شارە بووە، دەسەڵاتێکی فراوان بۆ سەنجەقەکان دیاری دەکرا، پاشان ئەم کەسەی وەك قایمقام بۆ شارەکە دەستنیشان دەکرا، دەبوایە لە ماوەیەکی دیاریکراو بگاتە شوێنەکە، ئەرکی پاراستنی شار و دابینکردنی ئارامیی بۆ ناوچەکە لەئەستۆیدا بووە.

٣- لەلایەکی ترەوە ئەوکات لە دەوڵەتی عوسمانی هەڵبژاردن نەبووە، بۆ ئەم مەبەستەش چەند ساڵ جارێك دەوڵەت خۆی کەسەکانی لە

پۆستەکان گۆڕیوە، هەندێك جاریش گۆڕینی کەسەکان پەیوەندی بە گەندەڵیی و خراپ بەکارهێنانی پۆستەکانەوە هەبووە، لەلایەکی ترەوە جۆرێك لەوکەسانەی وەك قایمقام بۆ شارەکە دادەنران نەیانتوانیوە لەگەڵ کەشوهەوای ناوچەکە و خەڵکەکەی بگونجێن، بۆیە پەنایان بۆ هەندێك کاری نەشیاو بردووە تا لە ئەرکەکانیان دووربخرێنەوە .

٤- لەم شارەدا بەراورد بە شارەکانی تری کوردستان چەند ڕوداوێك دروستبووە ، بۆیە هەندێك لە قایمقامەکان بەهۆی ئەوکارە خراپانەی لە قەزاکە ئەنجامیان داوە دورخراونەتەوە ، هەندێکیشیان بێ ئەوەی تاوانیان هەبێت، فەرمانی گواستنەوەیان بۆ دەرکراوە.

٥- سەرانی دەوڵەتی عوسمانی هەرگیز بایەخیان بە شاری کۆیە نەداوە، لەبری ئەوەی کەسایەتییەکانی نێو شارەکە بکەنە قایمقام، کەچی بەپێچەوانەوە کاربەدەستانی گەندەڵ و بێکار و ناشایستەیان بۆ ناردووە، لە ئەنجامدا شارەکە دووچاری گێروگرفت و دواکەوتن بۆتەوە.

٦- پۆستی قایمقام لە شاری کۆیە لە ماوەی حوکمی ڕاستەوخۆی عوسمانیدا لە نێوان والیەکانی ویلایەتەکانی (شارەزورو موسل و بەغدا ) یەکلاییدەکرایەوە، هەندێك کاتیش ڕاستەوخۆ بابولعالی لە ئەستەنبوڵەوە فەرمانیان بۆ دانانی قایمقام دەردەکرد.

## ڕاسپاردەکان:-

وای بە گونجاو دەزانین، کە زانکۆی کۆیە سەرجەم ئەوبەڵگەنامانەی عوسمانی کە پەیوەستن بە شاری کۆیە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕێت، کە ژمارەیان زۆرە و زانیاری گرنگ لە خۆ دەگرن لە قۆناغە جیاوازەکاندا.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: بەڵگەنامە بڵاو نەکراوەکان:-**


1-B.O.A,1276K:A.MKT.UM_00377_00018_001

2- B.O.A,1304K:I_DH.01021_80543_002_001

3- B.O.A,1311K: İ_DH_01316_000009_002_002

4- B.O.A,1312K:I.DH.1338_000010-005-001

5- B.O.A,1316K: I.DH.01364_000032_003_001

6- B.O.A,1316K: İ.DH.01364_000032_005_001

7- B.O.A, 1316k: DH.MKT.02172_00099_001.

8- B.O.A,1316K:I.DH.01364_000032_002_001

9- B.O.A,1318:BEO_001495_112068_002_002

10- B.O.A,1318K: .DH.01364_000032_001_002

11- B.O.A,1318K: I.DH.01432_000021_001_001

12- B.O.A,1322K:I.DH.01432_000021_002_001

13- B.O.A,1323: İ.DH.01438_000038_002_001

14- B.O.A,1328: I.DH.01497_000041_001_001

15- B.O.A,1335; İ_DUİT_00045_000042_002_001

16-B.O.A,İ_DH_01364_000009_003_001

17-B.O.A: 1319K: DH_MKT__00509_00019_001_001

18- B.O.A:1314K: İ.DH.01349_000044_001_001

19- B.O.A:1320K: DH.MKT.00509_00019_007_001

20- B.O.A,1323K.DH.01438_000038_004_001.

**دووەم: ساڵنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی:-**

١-ساڵنامەی ویلایەتی بەغدا لە ساڵی ١٢٩٢ك.

٢- ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ لە ساڵی ١٣٠٧ك.

٣- ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ لە ساڵی ١٣١٠ك.

**سێیەم: سەرچاوەی تورکی**

1-SEZEN: TAHIR.2017,OSMANLI YER ADLARI,ANKARA.

**چوارەم: سەرچاوە کوردیەکان:-**

١-ئەحمەد: بژار عوسمان.٢٠١٩، کۆیە لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، چاپ و بڵاوکراوەی ناوەندی سارا،سلێمانی.

٢- باجگر:نەوزاد یەحیا .٢٠١٨،کۆیسنجاق لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا-١٢٦٨-١٣٣٨ك/ ١٨٥٢-١٩٢٠ز،ب٦،وە:ئاشتی ڕەحمان،بڵاوکراوەکانی زانکۆی جیهان،هەولێر

٣- جەنگی:هیوا شێخ.٢٠١٩،بەڵگەنامەکانی کۆیسنجاق لە ئەرشیفی عوسمانیدا،ب١-٢-٣،ئامادەکار:سادات ئەرگۆ،چاپخانەی پەنجەرە،تاران.

**پێنجەم:سەرچاوە عەرەبییەکان:-**

١-العزاوي:المحامي عباس.١٩٥٨،تاريخ النقود العراقية-لما بعد العهود العباسية٦٥٧ك/١٢٥٨-١٣٣٥ك/١٩١٧،وزارة المعارف، بغداد.

٢- بيات:فاضل.٢٠٠٧،الدولة العثمانية فى المجال العربى-دراسة تاريخية في الأوضاع الإدارية في ضوء الوثائق والمصادر العثمانية حصرا(مطلع العهد العثماني أواسط القرن التاسع عشر)،مركز دراسات الوحدة العربية،بيروت.

٣- حسين:سعدى عثمان.٢٠٠٦،كوردستان الجنوبية في القرنين السابع عشر والثامن عشر،مكتبة سوران، اربيل.

٤- رؤوف:عماد عبدالسلام.٢٠٢١،مراكز الإدارة والأسر الحاكمة في العراق فى القرون المتأخرة،ط٢،مكتب التفسير للطبع والنشر، اربيل.

٥- ساحلي اوغلى:خليل.٢٠٠٠، من تاريخ الأقطار العربية في العهد العثماني-بحوث ووثائق وقوانين ،مركز الابحاث للتاريخ وفنون والثقافة الاسلامية،اسنبول.

٦- صابان:سهيل.٢٠٠٠، المعجم الموسوعى للمصطلحات العثمانية التاريخية،مكتبة الملك فهد الوطنية،الرياض.

٧- مراد:خليل علي.٢٠١٨، العراق في العهد العثماني الثاني ١٦٣٨-١٧٥٠ دراسة في الادارة العثمانية والحياة الاقتصادية،ط١،بيروت.

**شەشەم: گۆڤارەکان بە زمانی کوردی:-**

١-ئاراس و ئەوانی تر: عەبدول عبدوالخالق-جەمال سالح خۆشناو-ڕەهبەر سەید برایم.٢٠١٩، ناوی حوکمدار و موتەسەریف و قائمقامەکانی شاری کۆیە(١٨٥٣-٢٠١٩) بۆماوەی ٤٣٦ ساڵ،گۆڤاری کەکۆن، ژ:٥٩،مانگی تەموز.

٢- محمود:بختيار سعيد.٢٠١٩،قەزای کۆیە لە ساڵنامەکانی ویلایەتی موسڵ وکتێبی قاموس الأعلام،گۆڤاری زانکۆی کۆیە،ژ١٨،کۆنفراسی نێودەوڵەتی کۆیە لە ڕەوتی شارستانییەتدا،چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

## پاشکۆکان


شایەنی باسە بەشێك لە قایمقامەکانی شاری کۆیسنجاق ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەستهەڵگرتنیان لە پۆستی قایمقامیەت دیار نییە، هەرچەندە بەدوا داچوونی زۆریشمان بۆکرد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (جەنگی،٢٠١٩: ٢٤١/١-٢٤٥؛ ڕۆوف،٢٠٢١: ٥٠٠-٥٠٢؛ ئاراس و ئەوانی تر،٢٠١٩: ٨٩/٥٩-٩٠).

**پاشکۆی ژمارە(١)**

| ژمارە | ناوی قایمقام | ساڵی فەرمانڕەوای کردن | ساڵی دەست هەڵگرتن |
|---|---|---|---|
| ١ | سەلیم ئاغا | ١٢٧٣-١٢٧٤ك/ - ١٨٥٦-١٨٥٧ز | ٣٠ی جمادی یەکەم ١٢٧٣ك/ ٣٠ی کانونی دووەمی ١٨٥٧ز |
| ٢ | عەبدولکریم ئاغا | ١٢٧٤ك/ ١٨٥٧ز | ١٥ی موحەرەمی ١٢٧٦ك/ ١٤ی ئابی ١٨٥٩ز |
| ٤ | سامی ئەفەندی | ١٢٨٠/٤/١٩ك/ -٣/١٠/١٨٦٣ز | |
| ٥ | ئەمین ئەفەندی | ١٢٨٠/١١/٦ك/ - ١٨٦٣/١١/٦ز | |
| ٦ | ئەحمەد ئاغای قەپوچی باشی | ٤ی زلحجەی ١٢٨٠ك / -١١ی مایو ١٨٦٣ز | |
| ٧ | قوجە موستەفا پاشا | ٢١ی شەعبان ١٢٩١ك/ ٣ی ئۆکتۆبەری ١٨٧٤ز | |
| ٨ | عومەر ئەفەندی | ١٢٩٢/ ١٨٧٥ز | |
| ٩ | ئیسماعیل حەقی ئەفەندی | ١٢٩٤ك/ ١٨٧٧ز | |
| ١٠ | سالم ئەفەندی | ١٢٩٨ك/ ١٨٨٠ز | ١٣٠٠ك/ ١٨٨٢ز |
| ١١ | عەلی ڕەزا ئەفەندی | ١٣٠٤ك/ ١٨٨٦ز | ١٣٠٥ك/ ١٨٨٧ز |
| ١٢ | عەبدولا ئەفەندی | ١٣٠٦ك/ ١٨٨٨ز | ١٣٠٦ك/ ١٨٨٨ز |
| ١٣ | جەمال ئەفەندی | ١٣٠٧ك/ ١٨٨٩ | ١٣٠٧ك/ ١٨٨٨ز |
| ١٤ | محەمەد نەشئەت ئەفەندی | ١٣٠٨ك/ ١٨٩٠ | ١٣٠٩ك/ ١٨٩١ز |
| ١٥ | عەباس ئەفەندی | ١٣١٠ ك/ ١٨٩٢ | ١٣١٢ك/ ١٨٩٤ز |
| ١٦ | محەمەد سەعدی ئەفەندی | ١٣١٢ك/ ١٨٩٤ | ١٣١٤ك/ ١٨٩٦ز |
| ١٧ | حوسێن ئەفەندی | ١٣١٤ك/ ١٨٩٦ | |
| ١٨ | عەبدولرەحمان بەگ | ١٣١٤ك/١٨٩٦ | ١٣١٥ك/ ١٨٩٧ز |
| ١٩ | محەمەد ئەمین ئەفەندی | ١٣١٦ك/ ١٨٩٨ | ١٣١٦ك/ ١٨٩٨ز |
| ٢٠ | سەعید بەگ | ١٣١٧ك/ ١٨٩٩ز/ بە وەکالەت بووە | لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیە قبوڵ نەبووە |


| ژمارە | ناوی قایمقام | ساڵی فەرمانڕەوای کردن | ساڵی دەست هەڵگرتن |
|---|---|---|---|
| ٢١ | محەمەد سەعید ئەفەندی | ١٣١٨ك/ ١٩٠٠ز | ١٣٢٠ك/ ١٩٠٢ز |
| ٢٢ | محەمەد خورشید ئەفەندی | ٢٣ی جمادی الاول ١٣٢٠ك/ - ٢٨ی ئابی ١٩٠٢ز | ٢٢ی سەفەری١٣٢١ك/ ٨ی مایسی ١٩٠٤ز |
| ٢٣ | ئیبراهیم خەلیل بەگ | ١٨ی شەوالی١٣٢١ك/ ٧ی کانونی دووەمی ١٩٠٤ز | |
| ٢٤ | خەلیل سامی ئەفەندی | ١٥ رەبیعی یەکەم ١٣٢٣/ ٢٠ی مایسی ١٩٠٥ز | ٢٦ی جەمادی کۆتای ١٣٢٣ك/ ٢٨ی ئابی ١٩٠٥ز |
| ٢٥ | عەبدوڵا موخلیس بەگ | ٢٦ی جەمادی الاخر ١٣٢٣ك/ ٢٨ی ئابی ١٩٠٥ز بەوەکالەت بووە | ٧ی رەمەزانی ١٣٢٣ك/ ٥ی نۆڤەمبەری ١٩٠٥ز |
| ٢٦ | عەبدولستار ئەفەندی | ٢٦ی شەوالی ١٣٢٣ك/ ٢٤ی کانونی یەکەمی ١٩٠٥ز | ١٣٢٦ك/ ١٩٠٨ز |
| ٢٧ | ئیبراهیم نەجاتی ئەفەندی | ٢٨ی موحەرەمی ١٣٢٦ك/ ٢ی ئازاری ١٩٠٨ | ٢ی زولحجەی ١٣٢٦ك/ ٢٦ی کانونی یەکەمی ١٩٠٨ز |
| ٢٨ | حاجی حەسەن | ٢٩ی زولقەعدەی ١٣٢٧ك/ ١٢ی کانونی یەکەم ١٩٠٩ز | ٢٩ی موحەرەمی ١٣٣١ك/ ٨ی کانوونی دووەمی ١٩١٣ز |
| ٢٩ | ئیبراهیم ئەدهەم بەگ | ٣ی سەفەری ١٣٣١ك/ ١٢ی کانونی دووەم ١٩١٣ز | ١٥ی ڕەمەزانی١٣٣٢ك/ ٧ی ئابی ١٩١٤ز |
| ٣٠ | عەلی عوسمان | ٢٠ی رەمەزانی ١٣٣٢ك/ ١٥ی ئابی ١٩١٤ز | ٢ی شوالی١٣٣٢ك/ ١٤ی ئەیلولی ١٩١٤ز |
| ٣١ | حیلمی ئەفەندی | ٢٤ی شەوالی ١٣٣٢ك/ ١٥ی ئەیلولی ١٩١٤ز | |
| ٣٢ | حەقی بەگ | ١١زولقەعدەی ١٣٣٢ك/ ١ ی ئۆکتۆبەری ١٩١٤ز | |
| ٣٣ | نەسیب بەگ | ١ی شەوالی ١٣٣٣ك/ ١٢ی ئابی ١٩١٥ز | |
| ٣٤ | نەسعەف بەگ | ٢٩ی موحەرەمی ١٣٣٤ك/ ٧ی مارسی ١٩١٦ز | |
| ٣٥ | نەشئەت بەگ | ٣ی جمادی الاخر ١٣٣٥ك/ ٢٧ی ئازاری ١٩١٧ | |
| ٣٦ | شێخ عوسمانی سەرگەڵو | ١٣٣٦ك/ ١٩١٨ز | |
| ٣٧ | حەمەئاغا غەفوری | ١٢ی ربیع الاول ١٣٣٧ك/ ١٦ی کانونی یەکەم ١٩١٨ز | |

**(پاشکۆی ژمارە (٢)**




İ.DH 01432

**پاشکۆی ژمارە (٣)**




İ.DH.01364


پاشکۆی ژمارە(٤)





پاشکۆی ژمارە(٥)





پاشکۆی ژمارە(٦)




پاشكۆی ژمارە(٧)




پاشكۆی ژمارەی (٨)




پاشكۆی ژمارە(٩)



پاشكۆی ژمارەی (١٠)




**پاشکۆی ژمارە(١١)**




İ.DH.01021

**پاشکۆی ژمارە(١٢)**




A.}MKT.UM.00377.00018.001

**پاشکۆی ژمارە(١٣)**




İ.DH.01438

**پاشکۆی ژمارە(١٤)**




İ.DH.01438

پاشكۆی ژماره(١٥)





İ.DUİT.00045

پاشكۆی ژماره(١٦)





İ.DH.01497

پاشكۆی ژماره(١٧)





DH.MKT.02172.00099.001

پاشكۆی ژماره(١٨)





İ.DH.01349

## پاشكۆی ژمارە(١٩)




BEO.001495.112068.002

## پاشكۆی ژمارە(٢٠)



İ.DH.01316

پاشکۆی ژمارە(٢١)




پاشکۆی ژمارە(٢٢)

